# جموجۆڵەکانی کار و بزنسەکان-ی سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان لەدوای ساڵێک



سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکار

edf

IOM

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

ئەو بۆچوونانەی لەم بڵاوکراوەدا دەربڕدراون، بۆچوونەکانی نووسەران و مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) بن. ئەو ناونانەی کە بەکارهێنراون و نیشاندراون بۆ کەرەستە و ماددەکان لە سەرانسەری بڵاوکراوەکەدا بە مانای دەربڕینی هیچ بۆچوونێک نییە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-ەوە سەبارەت بە پێگەی یاسایی هیچ وڵاتێک، هەرێمێک، شارێک یان ناوچەیەک، یان دەسەڵاتەکانی، یان سەبارەت بە سنوورەکان یان مەوداکانی.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پابەندە بەو بنەمایەی کە کۆچێکی مرۆڤانە و ڕێکوپێک سوودی بۆ کۆچبەران و کۆمەڵگە دەبێت. وەک ڕێکخراوێکی نێوان حکومەتەکان، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەگەڵ هاوبەشەکانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کاردەکات بۆ: یارمەتیدان لە بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم کۆچکردن؛ تێگەیشتنی پێشوەختە لە پرسەکانی کۆچکردن؛ هاندانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابوری لە ڕێگەی کۆچکردنەوە؛ و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی کۆچبەران.

---

ئەم بڵاوکراوە بە پاڵپشتی بانکی KFW بووە. ئەو بۆچوونانەی لێرەدا دەربڕدراون هی نووسەرن و مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ یان  بانکی KFW بن.

بڵاوکەرەوە: ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)

ناونیشانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ: کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان ٢)، ناوچەی نێودەوڵەتی، بەغدا/عێراق

ئیمێڵ: iomiraq@iom.int

وێبسایت: https://iraq.iom.in

وێنەی بەرگ: © ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)، ٢٠٢٣ / حوسین فالح

نووسەر: دیێگۆ مارتن و ئەندریا کافلیسچ

چۆنیەتی بەسەرچاوکردنی:

Martin, D. & Caflisch, A. (2024). The Enterprise Development Fund: business trajectories after one year. International Organization for Migration.



© ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ٢٠٢٤

هەندێک لە مافەکان پارێزراوە. ئەم کارە بەردەستە لە چوارچێوەی

Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivs 3.0 IGO License (CC BY-NC-ND 3.0 IGO).*

بۆ زانینی وردەکاری زیاتر، تکایە بڕوانە مەرجەکان و مافەکانی بەکارهێنان: Copyright and Terms of Use

نابێت ئەم بڵاوکراوە بۆ مەبەستێک بەکاربهێنرێت، بڵاوبکرێتەوە یان دابەشبکرێتەوە جگە لە مەلەستی سەرەکی خۆی یان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سوودی بازرگانی یان قەرەبووکردنەوەی ماددی بەکاربێت، جگە لە مەبەستی پەروەردەیی، بۆ نموونە، بۆ ئەوەی لە کتێبی خوێندندا جێگەی بکرێتەوە.

ڕێگەپێدان: داواکاری بۆ بەکارهێنانی بازرگانی یان وەرگرتنی مافی زاتیر و مۆڵەتی زیاتر پێویستە داواکارییەکە پێشکەش بکرێت بۆ:

.publications@iom.int

سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان بە بەخشندەیی پاڵپشتیکرا لەلایەن:

# پێڕست

پوختەی جێبەجێکردن ٤

دەرئەنجامە پێگەیشتووە سەرەکییەکان ٤

میتۆد و ڕێباز ٥

تایبەتمەندییەکانی وەرگر ٦

دید و بۆچوونەکانی خاوەنکاران سەربارەت بە سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF) ٦

بەفەرمیکردن ٨

قازانجەکان ١٠

قەرز و دەستگەیشتن بە سەرمایەی دارایی ١٣

خستنەسەرکار و دامەزراندن ١٥

موچە ١٩

جێبەجێکردن و پەیڕەوکردنی خستنە سەرکار و دامەزراندن ٢٠

هەلومەرج و دۆخی کارکردن ٢١

کار و بزنسەکانی سوودمەندبووی سندوقی EDF لە کاتی پەتای کۆڕۆنا دا ٢٣

ئاسۆی داهاتوو ٢٤

گەشەپێدانی کار و بزنس ٢٦

کۆتایی ٢٨

پوختەی دەرئەنجامەکان ٢٨

ڕاسپاردەکان ٢٩

پاشکۆ ٣١

سەرچاوەکان ٣٦

# پوختەی جێبەجێکردن

## ئامانج و مەبەستی ڕاپۆرتەکە

ڕێگەی بوژانەوەی ئابوری بەردەم عێراق دوای شەڕ و ململانێ پێویستی بە پاڵپشتییەکی بەهێز هەیە بۆ کەرتی بازرگانی و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکانی (SMEs). کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان بزوێنەرێکی بەهێزن بۆ ڕەخساندنی هەلی کار و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە باشترکردنی سەقامگیری ئابوری درێژخایەن و خۆڕاگری و گەیشتن چارەسەری هەمیشەیی بۆ ئاوارەکان. سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF) ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لەم پرۆسەی بوژانەوەیەدا، پاڵپشتی دارایی ئامانجدار پێشکەش بە کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان کردووە لە سەرانسەری کەرتە جیاوازەکاندا بۆ خێراکردنی گەشەکردن و ڕەخساندنی هەلی کار. ئەم ڕاپۆرتەی ئێستا دەرەنجامەکانی ڕاپرسییەک، کە لە پانێڵێک دا لە کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکانی عێراق وەرگیراوە، نیشاندەدات کە لە ڕێگەی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF)-ەوە پاڵپشتی داراییان وەرگرتووە. ئامانج لێی دابەشکردن و شیکردنەوەی بەرەوپێشچوونەکان و کەموکوڕییەکانی کار و پرۆژە بازرگانییەکانە لە ماوەی ساڵی یەکەمدا دوای خەرجکردن و پێدانی یارمەتییە داراییەکان بەو کۆمپانیا بچووک و مامناوەندانە. دەرەنجامەکان فیدباکێکی بەنرخ بە پرۆگرامەکە دەدەن و مەبەست لێی ئەوەیە ئەو دەرئەنجامانە وەک بناغەیەک بۆ بەشداریکردنی ئامانجدار و باشترکردنی کۆی گشتی خزمەتکردنەکان سوودیان لێوەربگیرێت.

## دەرئەنجامە پێگەیشتووە سەرەکییەکان

شیکارییەکەی نێو ئەم ڕاپۆرتە ئەوە دەخاتەڕوو کە زۆربەی خاوەن کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان کاریگەری هاوکارییەکانی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF) بە ئەرێنی لەسەر کارەکانیان دەبینن لە باشترکردنی کارە بازرگانییەکانیان، دابینکردنی پێداویستییەکانی خاوەنکارەکان و تێپەڕاندنی ئەو بەربەستانەی کە هەیانبووە. لەسەدا هەشتای خاوەنکارەکان دوای شەش مانگ لە وەرگرتنی هاوکارییە مادییەکە گوتیان کە بەبێ پاڵپشتییەکانی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF) ژمارەیەک کەسی کەمتریان لەو ژمارەی ئێستایان دادەمەزراند و دەخستە سەرکار، ئەمەش ڕۆڵی سندوقەکە لە ڕەخساندنی هەلی کاردا دەرخست. زۆربەی وەرگرانی هاوکارییە داراییەکەی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF) دوای ساڵێک لە پێدانی یارمەتییەکە، ئەم هەڵسەنگاندنەیان پشتڕاستکردەوە.

نزیکەی لەسەدا ٨٥ی کۆمپانیاکان و کار و بزنسەکان تا کۆتایی ماوەی یەکەم لانیکەم یەک کارمەندیان دامەزراندووە. بە گشتی، وەرگرانی پاڵپشتییەکانی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF) بە تێکڕا ٤،٣ کارمەندیان بۆ هەر کۆمپانیایەک لە ماوەی دوازدە مانگدا دامەزراندووە.[1] لەماوەی دیاریکراو دا، بە تێکڕای کۆمپانیا/کار و بزنس لە ٥.٣ کارمەندەوە لە کاتی پێدانی هاوکارییە داراییەکە بۆ ٨.٤ کارمەند لە دوای دوازە مانگ لە ڕاپرسییەکەی کۆتایی زیادیکردووە.[2] ئەمەش هاوتایە لەگەڵ زیادبوونی تەواوەتی ٣.١ کارمەند لە دوای وەرگرتنی هاوکارییە داراییەکەی سندوقی EDF لە دوای ساڵەکە. بە بەراورد لەگەڵ ئامانجەکانیان لە دروستکردنی هەلی کار، لەسەدا ٤٩ی وەرگرانی هاوکارییە داراییەکە پابەندبوونیان بە ڕەخساندنی هەلی کار بە تەواوی بەدیهێناوە یان چوونەتە سەرووی ئەوەوە و تێیانپەڕاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەدا ١٧ی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکانی سوودمەندبووی هاوکارییە داراییەکەی سندوقی EDF پابەندبوونێکی هەبووە لەوەی کە لە پلانی بازرگانی خۆیاندا دیاریاکردبوو. لەسەدا ١٥ی دیکەی کار و بزنس و کۆمپانیاکان تەنیا یەک کرێکار کەمتر لەو پابەندییەی دیاریانکردبوو دامەزراندووە. لە تەواوی ١،٦٢٨ کار و بزنس و کۆمپانیای بچووک و مامناوەندی کە لە توێژینەوەکەدا هاتوون، ڕەخساندنی هەلی کار نزیکەی دوو لەسەر سێی ئەو پابەندییە بووە کە لە پلانی بازرگانی کۆمپانیاکاندا دیاریکرابوون و کۆمپانیا سوودمەندبووەکان دوو لەسەر سێی پابەندییەکانی پلانی کاریان بەدەستهێناوە.[3]

پاڵپشتییەکانی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF) بە تایبەتی بۆ ئەو خانمە خاوەنکارانە زۆر گرنگ بووە کە ڕووبەڕووی زەحمەتی و ئاڵنگاری توندتر بوونەتەوە لە فراوانکردنی کارەکانیان لە عێراقدا، ئەمەش بەهۆی زیاتر نافەرمی بوون، بەربەستی کلتوری و ڕۆشنبیری، کەمی و سنووردارییەتی دەستڕاگەیشتن بە سەرمایە و کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان لە کەرتەکانیاندا (IOM Iraq، ٢٠٢٢). دوای شەش مانگ لە قۆناغی سەرەتای، ئەو کار و بزنسانەی کە خانمان خاوەندارییەتی دەکەن لە بەرانبەر دامەزراندن و خستنە سەرکاری پیاوێک،٢.٥ ژنیان دامەزراندووە، کە لە ماوەی ١٢ مانگدا ئەم ڕێژەیە لە بەرانبەر هەر پیاوێک بۆ سێ ژن زیادیکردووە. لە بەرانبەردا، ئەو کار و بزنسانەی کە لەلایەن پیاوانەوە خاوەندارییەتی دەکرێن زۆرینەیان پیاوانیان خستۆتە سەرکار، بە ڕێژەی دە پیاو بەرانبەر خستنە سەرکاری هەر ژنێک. سەرەڕای ئەوەش، ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە لایەن خانمانەوە بەڕێوەدەبردێن ڕووبەڕووی ئاستەنگی زیاتر بوونەتەوە لە پابەندییەکانیان سەبارەت بە ڕەخساندنی هەلی کار، ئەمەش پێویستی پاڵپشتیکردنی دیکەی تەواوکەری بۆ چارەسەرکردنی ئەو بەربەستە

١ ئەم بەهایە لەو وەڵامانەوە هاتووە کاتێک پرسیار کراوە (لەماوەی شەش مانگی ڕابردوو دا هیچ کارمەندێکت خستۆتە سەرکار و داتمەزراندووە/ ژمارەی کارمەندی تازە)، لەنیوەی ئەو ئەو ساڵە دیاریکراوە و لە کۆتایی ئەو ساڵە دیاریکراوە.

٢ لادەری ستاندارد بۆ ئەم گۆڕاوە ٦.٥ کارمەندبووە، بۆ ناوەڕاستی ماوەی پێدانی هاوکارییە داراییەکەی سندوقی EDF بۆتە حەفت کارمەند.

٣ بە گشتی، دەرئەنجامەکان لەگەڵ ئەو بەڵگە پتەوەی کە لە ئەدەبیاتی ئەم بابەت دا هەن هاوتەریبن و پاڵپشتی زیاترکردنی هاوکاری بە کاشی ئەو کۆمپانیا بچووک و مامناوەندانە دەکات تا ئەوانیش هەلی کار و دەمەزراندن زیاتر بکەن (Muraközy & Telegdy، ٢٠٢٣؛ Kersten et al.، ٢٠١٧؛ Baird et al.، ٢٠١٨).

فرەلایەنانەی کە خانمانی خاوەنکار لە عێراقدا ڕووبەڕووی دەبنەوە نیشاندەدات. هەروەها پاڵپشتییەکانی سندوقی EDF یارمەتی خاوەنکارە ئاوارەبووەکان و گەڕاوەکان دەدات بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی کارەکانیان، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی کە خاوەنکارانی کۆمەڵگە هەیانە لەدوای ئەو دوازدە مانگە.

دەرئەنجامێکی سەرەکی بریتییە لە وردە وردە بە فەرمیکردنی کار و بازرگانییەکان، بەوەی کە ژمارەیەکی زیاتر کار و بزنس و کۆمپانیاکان ناویان لای حکومەت تۆمارکردووە و پەڕاوی پاراستنی تۆمارەکانی کار و بزنسەکە لە ماوەی دوانزە مانگی دوای پێدانی هاوکارییە مادییەکە پەیڕەودەکەن (لە ١٢ خاڵی پاراستنی تۆمارەکانی کار و بزنس بۆ ٢٢ زیادیکردووە). ئەم گۆڕانکارییە بۆ بەهێزکردن و فراوانکردنی کەرتی تایبەتی عێراق زۆر گرنگە، کە لە مێژوودا بەهۆی زەحمەتی و ئاڵنگاری سیاسی و ئابورییەوە سنووردار بووە. هەروەها بەفەرمیکردن زۆر گرنگە بۆ باشترکردنی ئاستی دەستڕاگەیشتن بە سەرمایە چونکە زۆرجار ئەمە مەرجێکە بۆ ئەوەی ئەم کۆمپانیایە یان کار و بزنسە لەلایەن دامەزراوە داراییەکانەوە لەبەرچاوبگیرێت و هەروەها لەلایەن خزمەتگوزارییەکانی پەرەپێدانی کار و بازرگانی لەبەرچاوبگیرێت (حکومی و تایبەت)، و وەبەرهێنەرانیش ڕەچاوی بەفەرمیبوون دەکەن (ILO, ٢٠١٤).

کۆمپانیا و کار و بزنسەکان باسی ئەوەیانکرد کە لە ماوەی توێژینەوەکەدا تێکڕای داهاتیان زیاتر بووە، بەڵام زیادبوونی قازانج لە ڕووی ئامارییەوە شتێکی ئەوتۆ نەبووە. ئەم دەرئەنجامە دوو ڕوونکردنەوەی هەڵدەگرێت. یەکەم، ڕەنگە سوودە ڕاستەقینەکانی لایەنە داراییەکان لەڕووی قازانجەوە کاتی زیاتر بخایەنێت تا بەدی بهێنرێت. دووەم: بەو پێیەی ئەم کار و بزنس و کۆمپانیایانە لەناو بازاڕە کێبڕکێکارەکاندا کاردەکەن، نەبوونی گەشەی ئاسایی قازانج ئەوە دەردەخات کە هێنانی پارە بە تەنیا نابێتە هۆی زیادبوونی هێزی بازاڕ.

ڕاسپاردەکانی ئەم ڕاپۆرتە جەخت لەسەر گرنگی بەردەوامبوون لە پاڵپشتیکردنی بوژانەوەی کەرتی تایبەت و گەشەپێدانی درێژخایەن لە عێراق دەکەنەوە، کە تیشک دەخەنە سەر گشتگیربوون و بەردەوامیدان. ئاسانکاریکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی دەستڕاگەیشتن بە پرۆسەکانی بەفەرمیکردن بۆ کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان بەشداریکردنێکی کەم تێچووە کە دەتوانێت ڕەخساندنی هەلی کار و دەستڕاگەیشتن بە قەرز خێراتر بکات. هەروەها باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە سەرمایەی دارایی لە دەزگا و دامەزراوەی تایبەت لە ڕێگەی کەمکردنەوەی پێداویستییەکانی دەستەبەریکردن، ڕێکخستنی پرۆسەکانی داواکردنی قەرز و چارەسەرکردنی بەربەستەکانی بەردەم داواکردن و پێدانی قەرز زۆر گرنگە. پێشنیازەکانی دیکە بریتین لە نزیکەوە هاوبەشی و هەماهەنگیکردن لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەت بۆ پەرەپێدانی ئەو کۆمپانیا و کار و بزنسە بچووک و مامناوەندانە، پاڵپشتیکردنی ئامانجداری خاوەنکاران، بەتایبەتی خاوەنکارانی ژن کە ڕووبەڕووی ئاوارەبوونی زۆرەملێ بوونەتەوە، هەروەها هەبوونی دەستپێشخەری دیکە نوێ بۆ پەرەپێدانی ئەو کار و بزنسانە و گونجاندنی پرۆگرامی دەستپێشخەرییەکە لەگەڵیان. هەروەها ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر گرنگی تێگەیشتن لە بزوێنەران و هێزی درووستکردنی هەلی کار لە نێوان وەرگرانی هاوکاری دارایی سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF) و لە سەرانسەری گروپ و چین وتوێژە دیمۆگرافییەکان دەکاتەوە، چونکە زۆرێک لە کۆمپانیاکان کەمتر لە ئامانجە دیاریکراوەکانیان ئەنجامدەدەن، ئەمەش دەرخەری هەبوونی بەربەستی دیکەیە، بەربەستی نادارایی. پێویستە هەڵسەنگاندنی پێوانەکردنی کاریگەری بەهێز ئەنجامبدرێت بۆ دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەو کار و بزنسانەی کە لەلایەن سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF) پارەیان بۆ دابین دەکرێت، و هەڵسەنگاندن بۆ کاریگەری لایەنەکانی وەک: کارمەند، زنجیرەکانی دابینکردن و کۆمەڵگەکانی دەوروبەر بکرێت.

## میتۆد و ڕێباز

ئەم ڕاپۆرتە تیشک دەخاتە سەر ئەنجامەکانی ڕاپرسی پانێڵێک کە پێکهاتووە لە سێ چاوپێکەوتن لەگەڵ کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان کە پاڵپشتی داراییان لە سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF) لە عێراق وەرگرتووە. ئامانجی سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF) بوژانەوە و پەرەپێدانی ئابوری و ڕەخساندنی هەلی کارە. ئەم پرۆگرامە پاڵپشتی دارایی پێشکەش بە کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان دەکات لە سەرانسەری کەرتە ئابورییە جیاوازەکاندا، ئەو کار و بزنس و کۆمپانیا و کەرتانەی کە ئەگەرێکی زۆری ڕەخساندنی هەلی کاریان هەیە. بەپێی پێداویستی و تواناکانیان، کار و بزنس و کۆمپانیاکان یارمەتی دارایی مەرجدار وەردەگرن کە لە نێوان بڕی ٥,٠٠٠ بۆ ٣٠,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی دەبێت. ئەمەش بەشێوەی قیست خەرج دەکرێت، هەر بڕ و قیستێکی هاوکارییەکەش بە گوێرەی ئەو بڕگە و گەیشتن بەو قۆناغە گرنگانە دەبێت کە هەر دوولا، بەخشەر و وەرگر، لەسەری ڕێککەوتوون. پرۆسەی هەڵبژاردن چەند قۆناغی خاڵپێدان لەخۆدەگرێت بەگوێرەی هاوکێشەی تایبەتمەند و پرۆسەیەکی وردی پشکنین. پێوەرەکانی شایستەبوون بەپێی هەڵسەنگاندنی بازاڕ و پێداویستی ئەو گروپە چین و توێژە بە ئامانجگیراوە جیاوازەکان ڕێکدەخرێن، بەڵام قەبارەی کار و بزنس و کۆمپانیا، خاوەندارێتی لەلایەن عێراقییەک، ساڵانی کارکردن، تێچووی هەر کارێک، تایبەتبوون لە کەرت و بوارێکی کارکردن، ڕۆڵی بەرچاویان لە وەرگرتنی ئەو هاوکارییە داراییە دەبێت (IOM, ٢٠١٨). بۆ پێشکەشکردنی داواکاری، دەبێت کاندیدەکان پلانێکی کار و بزنسەکەیان پێشکەش بکەن کە ڕوونی بکاتەوە کە چۆن هاوکارییە داراییەکە یارمەتیان دەدات بیرۆکەی کار و بازرگانیەکەیان فراوانتر بکەن و لەڕووی ئابورییەوە چەند هەلی کارێکی جێگیر بڕەخسێنن.

ڕاپرسی ڕاوەرگرتنەکە چەند بابەتێک لەخۆدەگرێت کە بزوێنەر و جموجۆڵی کار و بزنسەکان پێش و دوای خەرجکردن و پێدانی ئەو هاوکارییە داراییە پیشاندەدەن، لەوانەش تۆمارکردنی کار و بزنسەکە، بزوێنەر و هەڵسوڕێنەری بازرگانی، و داتا داراییەکان، زانیاری کارمەندان و شوێنی کار، ئاسایشی کار و گشتگیربوونی ئابوری، زنجیرەی بەها، کاریگەریی هەستپێکراوی هاوکاری سندوقی EDF لەسەر کار و بزنسەکان، و کاریگەری پەتای کۆڕۆنا لەسەر کار و بزنسەکان.

گەڕی سەرەکی و بنەڕەتی ڕاپرسی ڕاوەرگرتنەکە دوای واژۆکردنی گرێبەستەکە و پێش یەکەم پارەدان ئەنجامدەدرێت. تا کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، ٢٤٥٤ خاوەنکار ڕاپرسی بنەڕەتییان تەواو کردووە. دوای شەش مانگ، ٢,٠٥١ کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەند وەڵامی یەکەم بەدواداچوونیان داوە، و ساڵێک دوای گەڕی بنەڕەتی ڕاپرسیەکە ١,٦٢٨ کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەند وەڵامی گەڕی کۆتایی ڕاپرسیەکەیان داوە. شیکاری وەسفی کە لەم ڕاپۆرتەدا بەکارهاتووە، سەرنج دەخاتە سەر ئەو کار و بزنسانەی کە تەواوی سوڕی گەڕی ڕاپرسیەکە و بەدواداچوونەکەیان تەواو کردووە، تا قۆناغی کۆتایی هاتوون لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٩ و شوباتی ٢٠٢٤. توێژینەوەکە ٣٤ کار و بزنس ناگرێتەوە کە پێدانی پارمەتییەکانیان هەڵوەشاوەتەوە یان کۆتایی پێهێنراوە بەهۆی پابەندنەبوونیان بە پلانی کاری ڕێکەوتن لەسەرکراو.

شیکاری زیاتر کە لە شێوەکانی ٧ و ١١دا خراوەتەڕوو، چەقبەستووی پارمەتییەکان لە کۆمەڵە داتا تەواوەکاندا نیشاندەدات بۆ خەمڵاندنی کاریگەرییەکانی هاوکارییە داراییەکانی سندوقی EDF لەسەر قازانج و دامەزراندن، بە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی جیاوازی بۆ دیاریکردنی کۆنترۆڵکردنی تایبەتمەندییەکانی کار و بزنس و کۆمپانیا و کۆی هەڵاوسانی ئابوری لە هەر چارەکێکی ساڵ دا. دەبێت ئەنجامەکان وەک ئاماژەدەر ڕەچاوبکرێن، بە لەبەرچاوگرتنی نەبوونی گروپێکی کۆنترۆڵکردنی ڕاستەقینە و ئەگەری سەرەنجنەدانی ئەو جیاوازیانەی کە لە کاتە جیاجیاکان دا دەردەکەون.

چەند سنووردارکردنێکی دیکەی توێژینەوەکە بریتین لە ئەگەری هەبوونی لایەنگری، چونکە شیکارییەکە پشت بە زانیاری گەلێک دەبەستێت کە لەلایەن خودی خاوەنکارەکان دراون. ئەم جۆرە داتایانە دەتوانن جۆرێک لە نادروستی یان زیادەڕەوی بە مەبەست نیشانبدەن، بە تایبەتی سەبارەت بە زانیاریە داراییە هەستیارەکان یان خستنەڕووی ژمارەکانی ڕەخساندنی هەلی کار. گرنگیدان و فۆکەس خستنە سەر ئەو کار و بزنسانەی کە گەڕی چاوپێکەوتنەکەیان تەواوکردووە، ڕەنگە هەندێک لایەنگری نیشانبدات، بۆ نموونە، ئەگەر ئەو کار و بزنسانە بە درێژایی سێ گەڕی چاوپێکەوتنەکان لە توێژینەوەکەدا بمێننەوە، ئەوا سەرکەوتووترین کار و بزنس دەبن لە پەیڕەوکردنی پلانی بازرگانیدا. لە لایەکی ترەوە، بەراوردکاری لێکچوواندن و هاوشێوە بوون لە نێوان گەڕەکان دا دەستەبەر دەکات، دووردەبێت لە هەبوونی جیاوازی پێکهاتەیی نێوان گەڕەکانی کە دەکرێت هەبوونی جیاوازی ڕەنگدانەوەی کاریگەری نێوان ماوەی گەڕەکان بێت و پەیوەست بێت بەو ڕاستیەی کە زۆرێک لەو کار و بزنسانەی کە گەیشتوونەتە هێڵی کۆتایی گەڕەکانی ڕاپرسییەکە لە کاتی پەتای کۆڕۆنا دا پارمەتییەکانیان وەرگرتووە. هەروەها مەترسی وازهێنانی بەشداربوو لە ڕاپرسیەکە کەمجەکاتەوە، کە دەکرێت ئەم وازهێنانە ڕووبدات ئەگەر ئەو کار و بزنسانەی کە لە قۆناغەکانی بەدواداچوون وازدێنن بە شێوەیەکی سیستماتیکی جیاواز بن لەوانەی کە ماونەتەوە و بەردەوام دەبن.

## تایبەتمەندییەکانی وەرگر

نمونەی ١٦٢٨ خاوەنکار ئەوانە دەگرێتەوە کە هەر سێ گەڕی چاوپێکەوتنەکانیان لە نێوان چارەکی دووەمی ساڵی ٢٠١٩ و چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤ تەواوکردووە، ئەمەش لەسەدا ٦٦ی کۆی ژمارەی ئەو کار و بزنسانەی ناو پرۆگرامەکە پێکدەهێنێت. بە بەراورد بە تەواوی ژمارەی وەرگرانی هاوکارییە داراییەکانی سندوقی EDF، ئەم گروپە پێکهاتەیەکی هاوشێوەیان هەیە لە ڕووی دیمۆگرافی، ڕوومالّی جوگرافی و تایبەتمەندییە بازرگانییە گشتییەکانەوە. گروپەکە لە ٣١٠ خاوەنکاری ئافرەت (١٩٪) و ١٣١٨ خاوەنکاری پیاو (٨١٪) پێکهاتووە. سەبارەت بە ئاوارەبوون، نموونەکە ٩٥٣ ئەندامی کۆمەڵگەی خانەخوێ (٥٨٪)، ٦٠٨ گەڕاوە (٣٧٪)، و ٦٥ ئاوارەبوون (٤٪) لەخۆدەگرێت.[4] زۆرترین ژمارەی کار و بزنسەکانیش لە پارێزگاکانی: نەینەوا (٤٤٦، واتە ٢٧٪)، بەسرە (٢٢٦، یان ١٤٪)، کەرکووک (١٩٦، یان ١٢٪)، بەغدا (١٣٣، یان ٨٪)، سەلاحە ددین (١٢٨، یان ٨٪). لەڕووی بە قەبارەی کار و بزنسەکەوە، لە سەرەتاوە، تێکڕای بزنسەکە ٥,٣ کارمەندی هەبووە، و گەورەترین کار و بزنس ٦٤ کارمەندی هەبووە، لەگەڵ لادانێکی ستاندارد ٤,٨ کارمەندی هەبووە. گەورەترین کەرتەکان بەپێی ژمارەی ئەو کار و بزنسانەی کە لە توێژینەوەکەدا هاتووە بریتین لە بەرهەمهێنان (٣٦٢، یان ٢٢٪)، کشتوکاڵ (٢٥٤، یان ١٦٪)، خزمەتگوزارییەکان (٢٥٣، یان ١٥٪)، و خۆراک (٢٥١، یان ١٥٪).

## دید و بۆچوونەکانی خاوەنکاران سەربارەت بە سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF)

لە دوای شەڕ و ململانێکان، بوژانەوەی ئابوری جێگیر بۆ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەکان و برەودان بە بەرقەرارکردنی ئاشتی درێژخایەن زۆر گرنگە. زۆرجار کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان بڕبڕەی پشتی ئابورییە خۆجێییەکانن لە هەلومەرجە ناسکەکاندا و بەشدارێکی بەرچاون لە دامەزراندن و سەقامگیریدا (Hoffman and Lange, ٢٠١٦; International Trade Center, ٢٠٢٣). ئەدەبیاتی پەیوەست بە بەرنامەکانی وەک سندوقی EDF ئاماژە بە کاریگەری ئەرێنی دەکەن کاتێک ئامانجیان گەشەی بازرگانی و دانان و دەستپێکردنی کار و بزنسێکە، ئەمەش لەپاڵ زیادبوونی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندانەی کە بەردەوام دەبن و داهاتی بازرگانیان هەی (Baird et al., ٢٠١٨). لە عێراق، زۆربەی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا هاوڕان یان زۆر هاوڕان لەسەر ئەوەی کەسندوقی


٤ دوو خاوەنکار باسی باری ئاوارەبوونی خۆیان نەکرد کە ئاوارەن یان نا.

EDF هاوکاری کارەکانیانی کردووە لە ڕووی باشترکردنی کۆمپانیاکە (٩٧٪ بە تێکڕا)، دابینکردنی پێداویستییەکانیان وەک خاوەنکارەکان (٩٦٪ بە تێکڕا)، تێپەڕاندنی بەربەستەکان (٩٧٪ بە تێکڕا)، زۆر سوپاسی خۆیان دەربڕی بەوەی کە پرۆگرامەکە ڕێک پەیوەستە بەکار و بزنسەکانیانەوە (بە تێکڕا ٩٨٪) (بڕوانە پاشکۆی A). ئەنجامەکان بۆ خاوەنکارانی کۆمپانیا و کار و بزنسە بچووک و مامناوەندەکانی خانمان و پیاوان هاوشێوە بوون. [٥]

بەبێ پاڵپشتی سندوقی EDF، لەسەدا ٨٠ی خاوەنکاران گوتبوویان کە لە هێڵی ناوەڕاست بە ڕێژەی لەسەدا ٥١ کرێکاری کەمتریان لە هێڵی کۆتاییدا دادەمەزراند (شێوەی ١). ژنانی خاوەنکار زیاتر باسی ئەوەیانکرد کە ئەگەر یارمەتی سندوقی EDF یان بەدەست نەهێنابایە، خەڵکێکی کەمتریان دادەمەزراند، ئەمەش ڕۆڵی سندوقی EDF لە درووستکردنی دەرفەتی کار و بزنس بۆ خانمان بەڕێژەی (٨٨٪ بۆ خانمان و ٧٩٪ بۆ پیاوان لە هێڵی ناوەڕاست، ٦٦٪ بۆ خانمان و ٥٥٪ بۆ پیاوان لە هێڵی کۆتاییدا) نیشاندەدات. خانمان زیاتر ڕووبەڕووی ئەوەدەبنەوە لە کەرتە نافەرمی و کەم بەرهەمهێنانەکان دا کار بکەن و ڕووبەڕووی بەربەستی زیاتر دەبنەوە لە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی دارایی و گەشەپێدانی کارەکانیان، کە ڕەنگە ئەمەش ببێتە هۆی خراپتربوونی بارودۆخ و قۆناغی دەستپێک و سەرەتای ئەو کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندانەی کە هی خانمانن (Hyland and Islam, ٢٠٢١; Islam and Amin, ٢٠٢٣; IOM Iraq, ٢٠٢١b).

لە لایەکی دیکەوە، ئەندامانی کۆمەڵگەی میواندار باسی ئەوەیانکرد کە بەبێ هاوکاری سندوقی EDF ژمارەیەکی کەمتر کرێکاریان لە خاوەنکارانی گەڕاوە دەخستە سەرکار. تا کاتی کۆتایی، ڕێژەیەکی زۆر بەرزی گەڕاوەکان (٦٠٪) پشتڕاستی ئەوەویانکردووە کە بەبێ ئەو یارمەتییەی سندوقی EDF-یش هەمان ئەو ژمارە کرێکارەیان دەخستە سەرکار. بە بەراورد، تەنیا لەسەدا ١٨ی ئەندامانی کۆمەڵگەی میواندار گوتیان کە بەبێ ئەو یارمەتییەی سندوقی EDF ژمارەیەکی هاوشێوەی کارێکاریان دەخستە سەرکار. [٦] ئەم بەشەی ئەم ڕاپۆرتە زیاتر و قوڵتر ڕۆدەچێتە ناو ئەم لایەنانەوە.

شێوەی ١: کرێکاران بەبێ هاوکاری سندوقی EDF




تێبینی: ئەم شێوەی سەرەوە وەڵامی ئەو پرسیارە نیشاندەدات، "ئایا ژمارەی کرێکاران جیاواز دەبوو ئەگەر یارمەتی سندوقی EDF وەرنەگریت؟" سەرجەم ٤٤٩ کەس لە کاتی ناوەڕاست وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە، و ٢٨٩ کەس لە کاتی کۆتایی وەڵامیان داوەتەوە. وەڵامی پێویست لە ئاوارەکانەوە نییە بۆ ئەنجامدانی شیکارییەک بۆ ئەم گروپە ئاوارەییە. بەو پێیەی ئەم پرسیارە باس لە کاریگەرییەکانی هاوکاری سندوقی EDF دەکات، لە چاوپێکەوتنی بنەڕەتیدا نەخراوەتەڕوو.

هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ دواوی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ کراوان کرد کە بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکە هەڵبسەنگێنن. زۆربەی خاوەنکارەکان گوتیان کە هیچ کێشەیەکیان نییە لەگەڵ دواکەوتنی پارە پێدان لە قۆناغی ناوەڕاست و کۆتایی (٦٩٪). بەڵام نزیکەی یەک لەسەر سێی ئەوانەی وەڵامی پرسیارەکەیان داوەتەوە وتوویانە کە لە نێوان کاتی سەردانی پشتڕاستکردنەوەی گەیشتن بە قۆناغی گرنگ و وەرگرتنی پارەدا دواکەوتنیان هەبووە (تێکڕای دواکەوتنی باسکراو ٢٧ ڕۆژ بووە). [٧]

## دەرئەنجامی پێگەیشتوو

- بەپێی قسەی ئەو خاوەنکارانەی کە هاوکارییەکەی سندوقی EDFیان وەرگرتووە، پرۆگرامی سندوقی EDF ڕۆڵێکی بەرچاوی لە گەشەی کار و بزنس و کۆمپانیاکان و دروستکردنی هەلی کارێکی نوێدا هەبووە.
- کۆدەنگییەک لە نێوان خاوەنکارە پاڵپشتیکراوەکان هەیە کە یارمەتییەکانی پرۆگرامی سندوقی EDF بە شێوەیەکی کاریگەر کارەکانیانی باشتر کردووە، پێداویستییەکانیانی دابینکردووە و یارمەتیانی داوە بۆ تێپەڕاندنی بەربەستەکان.

٥ زۆربەی خاوەنکارەکان گوتیان کە ڕۆڵیان لە کۆمەڵگەدا زیادی کردووە بەهۆی پاڵپشتییەکانی سندوقی EDF لەوەی شەش بۆ ١٢ مانگی دوای گەڕی سەرەتای بەشداریکردنەکە، بەبێ هەبوونی جیاوازییەکی بەرچاو لەڕووی ڕەگەزییەوە. هەروەها خاوەنکاران باسی ئەوەشیانکرد کە بەهۆی پاڵپشتییەکانی سندوقی EDF زیاتر بەشدارن لە بۆنە و ئیڤێنتەکانی کۆمەڵگەدا کردووە لە هەردوو کاتی ناوەڕاست (٨٥٪) و کۆتایی (٩٢٪) بەشداریکردنیان لەم پرۆگرامە.

٦ بەو پێیەی ئەم پرسیارە لەلایەن ژمارەیەکی بچووکتر لە کار و بزنسەکانەوە وەڵام دراوەتەوە، وەڵامی پێویست لە ئاوارەکانی ناوخۆ (IDPs) نییە بۆ ئەنجامدانی شیکارییەک بۆ ئەم گروپە ئاوارەیە.

٧ کاتێک پرسیاریان لێکرا کە ئەو دواکەوتنانە لەکوێ بوون و بۆ ماوەی چەند بوو، چاوپێکەوتن لەگەڵ کراوان گوتیان زۆرترین دواکەوتن ٣٦٥ ڕۆژ و کەمترین ٢ ڕۆژ بووە، لەگەڵ تێکڕای دواکەوتنی ناوەندی ٧٥ ڕۆژ.

• خاوەن کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان، بە ژن و پیاویانەوە بەهەمان شێوە لە ئاستی پرۆگرامەکە ڕازین.

## بەفەرمیکردن

لە عێراقدا، نافەرمیبوون ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی لە ئیکۆسیستەمی (سیستەم و ژینگەی) بازرگانیدا هەیە، لەسەدا ٦٧ی خەڵک کارێکی نافەرمییان هەیە (ILO, ٢٠٢٢). کەرتی گشتی زۆرترین خواستی کاری لەسەر هەیە بەهۆی پشتبەستنی وڵات بە نەوت و بە سەقامگیری سیاسی، ئەمەش ویکردووە کەرتی تایبەت بە باشی گەشەنەکات. یاسا و ڕێسا نیشتمانییەکان بەربەستی ئاڵۆز بۆ بە فەرمیکردنی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان و گرێبەستەکانی دامەزراندن دروستدەکەن، هیچ دەستەبەرێک و پاراستنێکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و کاری ئەوتۆ بۆ کرێکار و کارمەند دەستەبەر ناکەن (ILO, ٢٠٢١). لە ژینگە و دۆخی دوای شەڕ و ململانێدا، ڕووکردنە جێبەجێکردنی فەرمیبوون پێویستی بە سەقامگیری و ئاسایش هەیە بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی پێویست بکرێت (Lewis et al., ٢٠١٩).[٨]


بەو پێیەی کێشە و گرفتە داراییەکان بەربەستێکی چارەنووسسازە لەبەردەم بە فەرمیکردن، یەکێک لە ئامانجەکانی پرۆگرامی سندوقی EDF، لە چوارچێوەی ڕەخساندنی هەلی کاردا، بە فەرمیکردنی کار و بزنسە بازرگانییە بەشداربووەکانە. دوو بەش و پێکهێنەری گرنگی بەفەرمیکردن بریتین لە تۆمارکردنی کار و بزنسی بازرگانی بە یاسای نیشتمانی و جێبەجێکردنی پاراستنی تۆمارەکانە بە شێوەیەکی تۆکمە (ILO, ٢٠٢١). بەفەرمیکردن هەنگاوێکی بنەڕەتییە بۆ ئەوەی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندانە زیاتر "ئامادەی وەبەرهێنان" بن، چونکە بانکەکان و دامەزراوە داراییە تایبەتەکان زۆرجار کار و بزنس و کۆمپانیا نافەرمیەکان لە بازاڕی قەرزەکان دووردەخەنەوە بەهۆی مەترسییە زیاتر هەستپێکراوەکانیان و نەبوونی بەڵگەنامەی پێویست (Abraham and Schmukler, ٢٠١٧). لەبەر ئەوەی توێژینەوەکانی پێشووی دەرەوەی عێراق گشتگیرنین سەبارەت بە کاریگەریی گواستنەوەی بۆ ئەو کار و بزنسانەی فەرمین، ئەم پرۆگرامە بەشێوەیەکی زۆر هانی ئەو کار و بزنس و بازرگانیانەی کە مۆڵەتیان پێدراوە دەدات بۆ ناو خۆتۆمارکردن لە دام و دەزگا یاساییە پەیوەندیدارەکان، بەوەی کە تۆمارکردن بکرێتە پێویستیەکی زۆری لێنەکراو بۆ گەیشتن بە قۆناغی گرنگ.[٩]

شێوەی ٢ ڕێژەی سەدی ئەو کار و بزنسانەی سوودمەندبووی سندوقی EDF نیشاندەدات کە لە وەزارەتێک یان ژووری بازرگانی تۆمارکراون. لە عێراق، زۆربەی ئەو کار و بزنسانەی سوودمەندبووی سندوقی EDF-ن لە ژووری بازرگانی تۆمار نەکراون، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەیەکی بەرچاو بۆ هەردوو ڕەگەزی پیاو و ئافرەت شەش مانگ دوای کاتی دەستپێکردن. ڕێژەیەکی زیاتر لە خاوەنکارەکان وەڵامی ئەرێنیان دایەوە کاتێک پرسیاریان لێکرا سەبارەت بە تۆمارکردنیان لە وەزارەتێکدا. هەرچەندە تەنیا لەسەدا ٣٨ی کار و بزنسەکان لە سەرەتاوە لە وەزارەتێکدا تۆمارکراون، بەڵام دوای شەش مانگ زیادبوونێکی تارادەیەک بەرچاو بە ڕێژەی ١٠ خاڵ هەیە، بەمەش لەسەدا ٤٨ی کار و زبنس و کۆمپانیاکان لە وەزارەتێکدا تۆمارکراون. ئەم ڕێژەیەش دوای ١٢ مانگ بۆ لەسەدا ٥٦ بەرز دەبێتەوە. زۆرترین ڕێژەی بازرگانی تۆمارکراو لە وەزارەتێک، لە وەزارەتی کشتوکاڵ تۆمارکراوە (١٩٪ لە سەرەتاوە و ٢٩٪ لە هێڵی کۆتایی)، دواتر وەزارەتی تەندروستی (٤٪ لە سەرەتاوە و ١١٪ لە کۆتایی) و وەزارەتی پەروەردە (١٣٪ لە کاتی سەرەتا و ٩٪ لە کاتی کۆتایی). کۆی گشتی تۆمارکردن لەگەڵ هەریەکێک لە دوو لایەنەکە لە نێوان هێڵی بنەڕەتی و هێڵی کۆتایی بە ڕێژەی ١٩ خاڵ زیادی کردووە.

٨ نافەرمیبوون یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی توندوتیژی (Schofs, ٢٠١٥). هەروەها زۆرجار کارگە و کار و بزنس و کۆمپانیا و دامەزراوە نافەرمیەکان پەیوەندیان بە کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و نزمی کوالێتی کارەوە هەیە (Benjamin, ٢٠٢٣).

٩ ئەدەبیاتی ئەم بابەتە چەند دەرئەنجامێکی تێکەڵاو سەبارەت بە فەرمیکردن لە ڕێگەی تۆمارکردنەوە لە دوای گواستنەوەی پارەی کاش دەخاتەڕوو. کار و بزنس و کۆمپانیاکان ئارەزووی ئەوە ناکەن کە بەفەرمی ببن، تەنانەت کاتێک هاندەدرێن لە ڕێگەی هاوکارییەکان و یارمەتییەکان بچنە ناو پرۆسەی بە فەرمیکردنەوە، هەوڵەکان کۆتاییان پێدەهێنرێت (La Porta and Shleifer, ٢٠١٤). بەڵام دەرکەوتووە کە پارەپێدانی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر تۆمارکردنی کار و بزنس و کۆمپانیا هەیە (De Mel et al., ٢٠١٣).

شێوەی ٢: کار و بزنسی تۆمارکراو لە دەزگا و دامەزراوەیەکی حکومی




تێبینی: هەر خولێک/گەڕێک ١٦٢٨ خاوەنکار لەخۆدەگرێت. لەسەدا چواری کار و بزنسەکان لە کات و قۆناغی سەرەتادا تۆمارێکی بەسەرچوویان لە ژووری بازرگانی یان پیشەسازیدا هەبووە، و لەسەدا ٣ شیان لە قۆناغی ناوەڕاست و کۆتاییدا. لەسەدا سێی کار و بزنس و کۆمپانیاکان لە سەرەتاوە تۆمارێکی بەسەرچوویان لەگەڵ وەزارەتێکدا هەبووە. ئەم ڕێژەیە لەسەدا ٢ بووە بۆ هێڵی ناوەڕاست و هێڵی کۆتایی. گروپەکە لە ٣١٠ ژن و ١٣١٨ پیاو، ٩٥٣ ئەندامی کۆمەڵگەی میواندار، ٦٥ ئاوارە و ٦٠٨ گەڕاوە پێکهاتووە.

لە سەرەتاوە، ژمارەیەکی کەمتری خانمانی خاوەنکار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان لە وەزارەتەکان (٪٢٩) یان ژووری بازرگانی (٪٨) کارەکانیان تۆمارکرد، بە بەراورد بەو کار و بزنسانەی کە لەلایەن پیاوانەوە خاوەندارێتی دەکرێن (٪٤٠ و ٪٢١). تا کۆتایی، لەسەدا ٥٠ی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە لەلایەن خانمانەوە خاوەندارێتی دەکرێن لە وەزارەتێکدا تۆمارکراون و لەسەدا ٢٦ لە ژووری بازرگانی تۆمارکراون، لەکاتێکدا کار و بزنس و کۆمپانیاکانی پیاوان کە لەو دوو شوێنە تۆمارکراون تا کۆتایی گەیشتنە لەسەدا ٥٧ و لەسەدا ٣٧. توێژینەوەکانی پێشووتر دەریانخستووە کە عێراق هێشتا هەندێک بواری بۆ باشترکردنی لە چوارچێوەی یاسایی خۆیدا هەیە بۆ هاندانی خامانی خاوەنکار (UNDP، ٢٠٢٢)، بۆیە کۆمپانیاکانی خانمان ئەگەری زیاتریان هەیە بۆ دەستپێکردن لە کەرتی نافەرمی (Hyland and Islam، ٢٠٢١)، کە هەست دەکرێـ زیاتر ڕووبەڕووی بە فەرمیکردن دەبنەوە (Goyal and Heine، ٢٠٢١). بەپێچەوانەوە، لە تەواوی دۆخی کۆچکردندا، هەموو گروپ و چین و توێژەکان ئارەزووی ئەوەیان هەبوو ئاستی تۆمارکردنی کار و بازرگانییەکانیان بە قەبارەی هاوشێوە زیاتر بکەن.


ڕێکخراوی IOM شێوازەکانی پاراستنی تۆمارە داراییەکانی کار و بزنسەکانی شیکردەوە چونکە ئەمانە کاریگەری ئەرێنییان لەسەر ئەدای گشتی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان هەیە و دەتوانێت سوودبەخش بێت بۆ بەرزکردنەوەی بڕاردە داراییەکانی بەردەم ئەم کار و بزنسانە (Adela et al.، ٢٠٢٤؛ GIZ، ٢٠٢٣).[١٠] وەک پێشتر باسمان کرد، کۆمەڵەیەکی تەواو لە پاراستنی هەژمارەکان و تۆمارەکانی کار و بزنسەکە یەکێکە لەو پێوەرانەی کە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق بۆ پشکنینی فەرمی بوونی کار و بزنسێک/کۆمپانیایەک یان کارگەیەک بەکاریدەهێنێت (ILO ٢٠٢١). هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار (ILO) هەژمار و تۆمارەکان وەک پێوەرێکی پەیوەندیدار دەبینێت و مامەڵەی لەگەڵ دەکات کە تیایاندا لەوانەیە نیمچە کۆمپانیاکان (ئەو دامەزراوانەی بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی کار و کۆمپانیایان تێدایەوە پەیڕەوە دەکەن) بەهۆی دۆخی تۆمارکردنیان لە حکومەتدا لە ئاماری نافەرمی دوور نەخرێنەوە (ILO، ٢٠١٣). تەکنیکەکانی پلاندانانی دارایی ورد و گشتگیر زیاتر پەیوەستن بە باشترکردنی ئەدای کارکردنی کار و بزنس و شوێنی بازرگانی و ئەوان دەگرێتەوە، مەشە بۆ گونجاندن و هاوتەریب بوون لەگەڵ ئامانجەکانی ڕێکخراوەکان (Osiyevskyy et al، ٢٠١٦). لە عێراقدا، ڕێژەی سەدی ئەو کار و بزنس و بازرگانیانەی سوودمەندبووی سندوقی EDF کە بودجەیەکی نووسراویان لە نێوان قۆناغی سەرەتا و قۆناغی کۆتاییدا هەیە، بە شێوەیەکی بەرچاو بە ڕێژەی ١٣ خاڵ زیادی کردووە، لە سەدا ٣١ بۆ لەسەدا ٦١. ئەممش هاوتەریبە لەگەڵ ئەو توێژینەوانەی کە دەریدەخەن کە بەرنامەکانی یارمەتی دانی بەکاش زۆرجار پاڵنەرێکە بۆ خاوەنکارەکان بۆ باشترکردنی شێوازەکانی بازرگان و باشترکردنی ئەدای کارکردنی خۆیان (Grimm et al.، ٢٠٢١).

خاوەنکار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندە پیاوەکان کەمێک سەرکەوتووتربوون لە هەبوونی و خۆگونجاندن لەگەڵ بودجەی بەنووسراو ١٢ مانگ دوای قۆناغی سەرەتا، بەم هۆیەشەوە ڕێژەیەکی سەدی زیاتری لە بەکارهێنانی ئەو بودجە بەنووسراوە (شێوەی ٣، پانێڵی A). لە

[١٠] چەندین نووسەر بۆیان دەرکەوتووە کە کار و بزنس و کۆمپانیاکان (٪٤٠-٥٠) ئەگەری زیاتریان هەیە دەست بکەن بە تۆمارکردن و پێدانی باج بەهۆی یارمەتیە داراییەکانەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ دوای پێدانی ئەو هاوکارییە داراییە (Blattman et al.، ٢٠١٤).

کاتێکدا لە سەرانسەری پۆلەکانی ئاوارەبووندا، گەڕاوەکان لە کەمترین ڕێژەی کار و بزنسی بێ بودجەی نووسراویان (٢٩٪ لە سەرەتاوە بۆ بەرزترین ڕێژەی (٦٢٪ بەپێی قۆناغی کۆتایی) هەبوو. بڕوانە (شێوەی ٣، پانێڵی B). جگە لەوەش، هەرچەندە لەسەدا ٧٢ی کار و بزنسەکان سیستەمێکیان نەبووە بۆ بەدواداچوون و چاودێریکردنی دەستکەوتەکانیان لە هێڵی بنەڕەتیدا، بەڵام ڕێژەی سەدی ئەو کار و بزنسانەی کە سیستەمی تۆمارکردن بەکاردەهێنن لە هێڵی کۆتاییدا زیادیکردووە (٥٢٪ بە گشتی، سەیری پاشکۆی B بکە). ئەم گۆڕاوە نزیکەی هەمان دابەشبوونی هەبوو و ئەنجامەی هاوشێوەی لە سەرانسەری هەردوو ڕەگەزدا نیشاندا (زیادبوونی ٢٥ خاڵ بۆ خانمان و ٢٤ خاڵ بۆ پیاوان ساڵێک دوای قۆناغی سەرەتا).

شێوەی ٣: ئەو کار و بزنسانەی کە بودجەی نووسراویان هەیە




تێبینی: هەر گەڕێک ١٦٢٨ خاوەنکار لەخۆدەگرێت. گرووپەکە پێکهاتووە لە ٣١٠ خانم و ١٣١٨ پیاو، ٩٥٣ ئەندامی کۆمەڵگەی میواندار، ٦٥ ئاوارە و ٦٠٨ گەڕاوە.

### دەرئەنجامە پێگەیشتووەکان

- نافەرمیبوون لە ژینگەی کار و بازرگانی عێراقدا باو بووە، کەرتی تایبەتیش هەر بە گەشەنەکردوو ماوەتەوە.
- پرۆگرامی سندوقی EDF بووەتە هۆی زیادبوونی بەرچاو لە تۆمارکردنی کار و بزنس و کۆمپانیا و بازرگانییەکان لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.
- خانمانی خاوەنکار لە چاو هاوتا پیاوەکانیان تووشی بەربەستی زیاتر دەبن لەبەردەم سوودەکانی بە فەرمیکردندا

## قازانجەکان

لە ئابوورییەکی خراپ و لاوازدا، بەشداریکردن و ڕۆڵگێڕان بە پێدانی پارەی کاش ئاستێکی بەرزی گێڕانەوە و هێنانەوەی ئەو پارەی نیشانداوە چونکە کار و بزنسەکە بەهۆی ئەو پارە پێدان بەکاشەوە فراوانبووە (Blattman and Ralston، ٢٠١٥). بە پێچەوانەی دروستکردنی وابەستەیی، بەشداریکردن و ڕۆڵگێڕانی ئامانجدار دەتوانێت هانی تاکەکان بدات لە وڵاتانی قەیراناوییدایش دا قەبارەی کارەکانیان فراوانبکەن و ئەمەش ئەگەری ئەوەی هەیە ئەنجامی ئەرێنی لەسەر فرۆشتن و داهاتیان هەبێت (Baird et al.، ٢٠١٨؛ Blattman et al.، ٢٠١٤؛ Muraközy and Telegdy، ٢٠٢٣). بۆیە چاودێریکردنی قازانج وەک پێوەرێک بۆ گەشەی بازرگانی بەردەوام لە ڕووی داراییەوە بەشێکی دانبراوە لە بەدواداچوونکردنی کار و بزنس و کۆمپانیاکانی سوودمەندبووی پرۆگرامی سندوقی EDF.


بە تێکڕا، کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان زۆرترین داهاتیان لە قۆناغی ناوەڕاستدا ڕاگەیاندووە، بە ٢،١١٧ دۆلار، بە بەراورد بە قۆناغی سەرەتا (١،٨٤٩ دۆلار) و قۆناغی کۆتایی (١،٩٩٣ دۆلار). بۆ قۆناغەکانی سەرەتا و کۆتایی، بەهای ناوەندی ئەم قازانجە ١٠٠٠ دۆلار

بووە، و بۆ قۆناغی ناوەڕاست، ١٢٠٠ دۆلار بووە. شێوەی ٤ هێڵەکانی دابەشبوونی قازانج لە هەر قۆناغێکی چاوپێکەوتندا نیشاندەدات. ئەم هێڵانەی دابەشبوون دەرخەری دابەشبوونی گۆڕاوەکەن، کە بەهاکان نیشاندەدات کە لەسەدا ٥٠ی سەرەنجەکان یەکخراون لە یەک گروپ دا، و برە بچووکەکانی دیکەش لەسەدا ٢٥ی سەرەوە و خوارەوەی دابەشکردنەکە نیشاندەدەن. هێڵەکەی ناو بۆکسەکە نیشاندەری بەهای ناوەندیی دەکات. قۆناغێ هێڵێ بنەڕەتی کەڵەکەبوونێکی زیالتر کەمبوونەوەی بەهاکانی قازانجی تێدابوو، لەسەدا ٢٥ی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان لە مانگی پێشوودا قازانجیان ٦٠٠ دۆلار یان کەمتر بووە، لەکاتێکدا لە قۆناغی کۆتاییدا، لەسەدا ٢٥ قازانجیان لە خوار ٧٥٠ دۆلارەوە بووە.[11]

زۆرێک لە توێژینەوەکان دەریانخستووە کە گواستنەوە و هێنانی پارەی کاش بۆ ناو کار و بزنس وەبەرهێنانی بازرگانی زیاد دەکات (Blattman et al., ٢٠١٤; Muraközy and Telegdy, ٢٠٢٣; Perez et al., ٢٠٢٠). بەڵام زۆرجار ئەم وەبەرهێنانە ناگۆڕێت بۆ گەشەی دەستبەجێی پەیداکردنی داهات. سنووردارکردنێکی کورتخایەنی ستاندارد هەیە بۆ زیادبوونی داهات، چونکە بازرگانییەکان بە شێوەیەکی گشتی پێویستیان بە کات هەیە بۆ ئەوەی ئەم وەبەرهێنانانە بە شێوەیەکی کاریگەر بخەنە ناو کارەکانیانەوە (Grimm et al., ٢٠٢١; Jayachandran, ٢٠٢١). جگە لەوەش، گواستنەوە و هێنانی پارەی بێ سنوور بۆ کار و بزنس و کۆمپانیاکان نابێت بەجۆرێک بێت کە نرخ یان قازانج لە بازاڕە کێبڕکێکارەکاندا زیاد بکات سنوری خۆگونجاندنی کورتخایەن تێپەڕێنێت (Delius and Sterck, ٢٠٢٤). هەروەها لە بازاڕە گەشەنەسەندووەکاندا، مەرج نییە گەشەی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان لەسەر حیسابی ڕکابەرەکان بێت (لە ڕێگەی بەرزبوونەوەی نرخەکان و پشکی بازاڕەوە بێت). بەڵکو دەکرێت لە گەشەی گشتی بازاڕەوە بێت (McKenzie adn Puerto, ٢٠٢١).

شێوەی ٤: دابەشبوونی قازانج لەماوەی مانگی ڕابردوو دا (بە دۆلاری ئەمریکی)

تێبینی: هەر خولێک ١٦٢٨ خاوەنکار لەخۆدەگرێت. بۆکسەکان ئەو بەهایانە نیشاندەدەن کە لەسەدا ٥٠ی داتاکان تێیدا کۆدەکرێنەوە. هێڵی دابەشبوونی ناو بۆکسەکە بەهای ناوەندی دابەشکردنەکە نیشاندەدات. هێڵی دابەشبوونی خوارەوەی سندوقەکە لەسەدا ٢٥ی خوارەوەی دابەشکردنەکە نیشاندەدات، هێڵێ دابەشبوونی سەرەوەش لەسەدا ٢٥ی سەرەوەی نیشاندەدات. ئەم شێوە شیکارییە شتە دەرەکییەکان لە خۆناگرێت. هەر خاوەنکار و بزنس و کۆمپانیایەکی بچووک و مامناوەند کە قازانجەکەی لە سەرووی ئەو بەهایە بێت کە لەسەدا ٧٥ی دابەشکردنەکە تێیدا وەستاوە، ١.٥ یەکجار و نیو زیاترە لە مەودای نێوان سەدا ٧٥ و سەدا ٢٥ کەدا، یان لە خوار ئەو بەهایەی کە لەسەدا ٢٥ی دابەشکردنەکە وەستاوە، کەمکردنەوەی هەمان مەودا، وەکو لایەنێکی دەرەکی ڕەچاوکراوە.





لە کاتی وەرگرتنی نمونەی لاوەکی بۆ باشترین و خراپترین ئەدای لەسەدا ٢٠ی کار و بزنس و کۆمپانیاکان لە ڕووی قازانجەوە لە سەرەتاوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە کە زۆرترین داهاتیان لە قۆناغی سەرەتادا هەبووە ئاستی داهاتەکانیان بە شێوەیەکی بەرچاو نەگۆڕیوە دوای ٦ مانگ و دوای ١٢ مانگ لەدوای وەرگرتنی هاوکاریە ماددیە بەکاشەکانی پرۆگرامی سندوقی EDF، بە پێچەوانەی خراپترین ئەدای ٢٠٪ی کار و بزنس و کۆمپانیاکان (بڕوانە شێوەی ٥). هەرچەندە لەسەدا ٢٠ی کار و بزنس و کۆمپانیاکانی ئاستی خوارەوە نەگەیشتە ئاستی قازانجی لەسەدا ٢٠ی سەرەوە، بەڵام ئەم ئەنجامە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ڕەنگە کۆمپانیا خراپترین ئاستەکان زۆرترین سوود لە یارمەتییە داراییەکانی ئەم سندوقە وەربگرن. ئەدەبیاتەکانی ئەم دواییەی ئەم بابەتە لەسەر کاریگەریی یارمەتییە مادییە بەکاشەکان و پارەپێدانەکان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە کۆمپانیا بچووکەکان زیاتر و لە سەرانسەری زۆر لایەن و ڕەهەندی زیاتردا بەرەوپێشچەدچن لەچاو کار و بزنس و کۆمپانیا گەورەکان (Dvouletý et al., ٢٠٢١; Srhoj et al., ٢٠٢٠). ئاماژەکان بۆ لەسەدا ٢٠ی کار و بزنس و کۆمپانیاکانی ئاستی سەرەوە هاوشێوەی ئەوەی لە شێوەی ٥ دا هاتووە دەردەکەون (شێوەی ٥). نەبوونی گەشە لە ڕێژەی قازانج لەوانەیە لە ئەنجامی زیادبوونی وەبەرهێنان یان زیادبوونی خەرجییەکان دوای پارەپێدانیان بێت لەلایەن سندوقی EDF بێت. زیادبوونی خەرجییەکان دوای پێدانی هاوکارییە داراییەکانی سندوقی EDF بەو کار و کۆمپانیایانە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی داهات و قازانج لە درێژخایەندا لە کاتێکدا ئەگەری هەیە لە کورتخایەندا ڕێژەی قازانج ئەوتۆ نەبێت یان کەمێک کەم بکاتەوە.

لەهەمان کاتدا، ڕەنگە لەسەدا ٢٠ی کاری و بزنسەکانی هێڵی خوارەوە لە پێشینە بە وەبەرهێنان نەدەن بەڵکو گرنگی زیادبوونی قازانج بدەن (شێوەی ٥). هەروەها ئەم ئەنجامانە ئاماژەن بۆ ئەگەری خراپی قازانج بەهۆی بازاڕە زۆر کێبڕکێکارەکانەوە، کە تێیدا پێدانی یارمەتییە داراییەکان بە بازرگانەکان بازاڕیان بەهێزتر و زیاتر ناکات. هەبوونی هەڵبەزین و دابەزینی هەڕەمەکی لە قازانجەکاندا، قازانجەکان لە قۆناغی سەرەتادا دەکاتە پێشبینیکەرێکی خراپ بۆ سەرکەوتنی بازرگانی داهاتوو، هۆشداری دەدات لە پشتبەستنێکی زۆر بە پێوەرە بنەڕەتییەکان لە کاتی هەڵبژاردنی کار و بزنسەکاندا بۆ پێدانی هاوکارییە مادییە بەکاشەکە.

[11] لادانی ستاندارد ٣٨١٧ دۆلاری ئەمریکی بوو لە قۆناغی سەرەتا، ٤٦٤٣ دۆلاری ئەمریکی بوو لە قۆناغی ناوەڕاست و ٣١١٨ دۆلاری ئەمریکی بوو لە قۆناغی کۆتاییی دا.

شێوەی ٥: دابەشبوونی قازانجی کار و بزنس لەماوەی مانگی ڕابردوو بەپێی باشترین و خراپترین ئەدایان لە قۆناغی سەرەتا دا ( بەدۆلاری ئەمریکی)





تێبینی: هەر خولێک ١٦٢٨ خاوەنکار لەخۆدەگرێت. بۆکسەکان ئەو بەهایانە نیشاندەدەن کە لەسەدا ٥٠ی داتاکان تێیدا کۆدەکرێنەوە. هێڵی دابەشبوونی ناو بۆکسەکە بەهای ناوەندی دابەشکردنەکە نیشاندەدات. هێڵی دابەشبوونی خوارەوەی سندوقەکە لەسەدا ٢٥ی خوارەوەی دابەشکردنەکە نیشاندەدات، هێڵێ دابەشبوونی سەرەوەش لەسەدا ٢٥ی سەرەوەی نیشاندەدات. ئەم گرافیکە شیکارییە شتە دەرەکییەکان لە خۆناگرێت. هەر خاوەن کار و بزنس و کۆمپانیایەکی بچووک و ماماوەند کە قازانجەکەی لە سەرووی ئەو بەهایە بێت کە لەسەدا ٧٥ی دابەشکردنەکە تێیدا وەستاوە، ١.٥ یەکجار و نیو زیاترە لە مەودای نێوان سەدا ٧٥ و سەدا ٢٥ کەدا، یان لە خوار ئەو بەهایەی کە لەسەدا ٢٥ی دابەشکردنەکە وەستاوە، کەمکردنەوەی هەمان مەودا، وەکو لایەنێکی دەرەکی ڕەچاوکراوە.

ووردبوونەوە لەهەمان گۆڕاو بەپێی ڕەگەز، ئەوە نیشاندەدات کە دابەشکردنی قازانج بۆ خاوەنکارانی کۆمپانیا بچووک و ماماوەندەکانی کە خاوەنەکانیان پیاوە زیاتر بەرەو بەها بەرزەکان بووە لە سەرجەم گەڕەکاندا (شێوەی ٦، پانێڵی A). هەروەها خاوەنکارانی پیاو بەڵگەی زیاتری زیادبوونی قازانجەکانیان لە ٦ مانگ و لە مانگ و ١٢ مانگ دوای بەشداریکردن و پێدانی هاوکاریە مادییەکە نیشاندا. ئەم دەرئەنجامانەش لەگەڵ ژمارەیەکی توێژینەوەدا هاوتەریبن کە دەریدەخەن کە ئەو کار و بزنسانەی کە خاوەندارێتییان لەلایەن خانمانەوەیە، ڕەنگە کەمتر سوودمەند بن لە وەرگرتنی هاوکارییە داراییە بەکاشەکان، بە بەراورد بە پیاوان. ئەو میکانزیمە بەباشزانراوە و شیاوانەی کە لە ئەدەبیاتی ئەم بابەتە دا پێشنیازکراون بریتین لە پێویستی هەبوونی دەرفەتی کار لە کەرتە بازرگانییە گونجاوەکانی و کەمتر قازانجەکاندا بەهۆی داب و نەریت کە جەخت لەسەر ڕۆڵی ژنان دەکەنەوە وەک چاودێر و بەخێوکەری منداڵ یان دەیانەوێت خانمان هەر لەناو ماڵەکان و خاوخێزانەکانی خۆیان دا کاربکەن (Bernhardt et al., ٢٠١٩; Fiala, ٢٠١٨; Jayachandran, ٢٠٢١).

دابەشکردنی قازانج بۆ گەڕاوەکان بەهایەکی یەکگرتووی هەبوو لە سێ گەڕی چاوپێکەوتنەکاندا (شێوەی ٦، پانێڵی B). لە هەمانکاتدا، خاوەنکارە ئاوارەکان قازانجی قۆناغەکانی ناوەڕاست و کۆتاییان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد، هەرچەندە مەودای ئەم گۆڕاوە هێشتا لە خوار مەودای قەزانجی گەڕاوان و ئەندامانی کۆمەڵگەی میوانداراوە بوو. مەودای قازانجی ئەندامانی کۆمەڵگەی میواندار بەرزترین بەهای قازانجی لە هەر سێ گەڕەکە هەبووە. تێکڕای ناوەندی بەهای قازانج بۆ ئەندامانی کۆمەڵگەی میواندار لە سەرەتاوە ١,٨٩٥ دۆلار بوو، ١,٠٣٨ دۆلار بۆ ئاوارەکان، و ١,٨٦٧ دۆلار بوو بۆ گەڕاوەکان. [١٢]بۆیە، ئاوارەکان زیادبوونی بەردەوام لە تێکڕای قازانج لە سەرانسەری گەڕەکاندا دەبینن، لە کاتێکدا گەڕاوەکان کەمبوونەوەی بەردەوام دەبینن.

شێوەی ٦: دابەشبوونی قازانج لەماوەی مانگی ڕابردوودا





تێبینی: هەر خولێک ١٦٢٨ خاوەنکار لەخۆدەگرێت. لەم گروپە دا ٣١٠ خانم و ١٣١٨ پیاوی خاوەنکار هەبوو. ٩٥٣ یان ئەندامی کۆمەڵگەی میواندار، ٦٥ یان ئاوارە و ٦٠٨ یشیان گەڕاوەبوون. بۆکسەکان ئەو بەهایانە نیشاندەدەن کە لەسەدا ٥٠ی داتاکان تێیدا کۆدەکرێنەوە. هێڵی دابەشبوونی ناو بۆکسەکە بەهای ناوەندی دابەشکردنەکە نیشاندەدات. هێڵی دابەشبوونی خوارەوەی سندوقەکە لەسەدا ٢٥ی خوارەوەی

١٢ هەر گروپێکی ئاوارەبوون گۆڕانکاری لەسەدا ٣١ و لەسەدا ٢٧ و لەسەدا -١٢ی بەخۆیەوە بینی تا هێڵی ناوەڕاست. تا هێڵی کۆتایی، ئەندامانی کۆمەڵگەی میواندار، ئاوارەکان وٚ گەڕاوەکان گۆڕانکارییان بە ڕێژەی لەسەدا -٩، لەسەدا ١١ و لەسەدا -٠.٥ بەدوایٚ یەکدا بەخۆی بینی کاتێک بەراورد کران بە هێڵی ناوەڕاستیان.

دابەشکردنەکە نیشاندەدات، هێڵێ دابەشبوونی سەرەوەش لەسەدا ٢٥ی سەرەوەی نیشاندەدات. ئەم شێوە شیکارییە شتە دەرەکییەکان لە خۆناگرێت. هەر خاوەن کار و بزنس و کۆمپانیایەکی بچووک و مامناوەند کە قازانجەکەی لە سەرووی ئەو بەهایە بێت کە لەسەدا ٧٥ی دابەشکردنەکە تێیدا وەستاوە، ١.٥ یەکجار و نیو زیاترە لە مەودای نێوان سەدا ٧٥ و سەدا ٢٥ کەدا، یان لە خوار ئەو بەهایەی کە لەسەدا ٢٥ی دابەشکردنەکە وەستاوە، کەمکردنەوەی هەمان مەودا، وەکو لایەنێکی دەرەکی ڕەچاوکراوە.

لە باشترین مانگی فرۆشتن لە ساڵی ڕابردوودا، ڕێژەی قازانج لە نێوان گەڕەکاندا هاوشێوە بووە. قۆناغی سەرەتا تێکڕای قازانجی ٣٠٧٥ دۆلاری ئەمریکی بۆ باشترین مانگ، ٣٥٩٣ دۆلاری ئەمریکی بۆ قۆناغی ناوەڕاست و ٣٤٦١ دۆلاری ئەمریکی بۆ قۆناغی کۆتاییدا بووە. تێکڕای ناوەندی بەها بۆ هەموو گەڕەکان ٢٠٠٠ دۆلار بووە. [١٣] ئەنجامەکانی خەمڵاندن کە بۆ کۆنترۆڵکردن و دیاریکردنی وەرزییە، بووەتە جێی سەرسوڕمان بەهۆی هۆکارە تایبەتەکانی پەیوەست کار و بزنس و کۆمپانیا کانەوە (بڕوانە پاشکۆی D) کە ئەوە نیشاندەدات خاڵی داتاکانی قۆناغی ناوەڕاست پەیوەندییەکی بەرچاوی بە قازانجی زیاترەوە هەیە، وەک لە شێوەی ٧ دا نیشاندراوە. هەردوو گەڕی قۆناغی ناوەڕاست و قۆناغی کۆتایی پەیوەندییان بە لە ١٩٪ی قازانجەوە هەیە، قازانجێکی زیاتر لە هێڵی بنەڕەتی، بەڵام جیاوازییەکە لە ڕووی ئامارییەوە لە قۆناغی کۆتاییدا گرنگ نییە و شتێکی ئەوتۆ نییە. دەتوانرێت ئەم بەهایانە وەک بەڵگەیەک بۆ کاریگەری ئەرێنی پارەپێدانەکان لەسەر ئاستی قازانج لە ماوەیەکی کورتخایەندا لێکبدرێتەوە.

شێوەی ٧: پەیوەندیداربوونی قازانج بە گەڕی ڕ اپرسیەکە




تێبینی: ئەم شێوەی سەرەوە کاریگەرییە مامناوەندە خەمڵێنراوەکان لەسەر قازانج لە مانگی ڕابردوودا نیشاندەدات بە ٩٠٪ی نێوان متمانە. پاشەکشە بۆ کاریگەرییە جێگیرەکان لە ئاستی کار و بزنس و کۆمپانیا و بەرواری چاوپێکەوتن (بیپ وەرزانە) کۆنترۆڵ کرا. پاشەکشە ٢٣٥٨ کار و بزنسی لەخۆگرتبوو. ئەوانەی کە هەموو گەڕەکانی چاوپێکەوتنەکانیان تەواو نەکردبوو، بۆ بەرزکردنەوەی خەمڵاندنەکە جێگیرکران.

## دەرئەنجامە پێگەیشتووەکان


- وەرگرانی هاوکاری ماددی پرۆگرامی سندوقی EDF شاهیدی زیادبوونی قازانجەکانیان دەدەن لەماوەیەکی کورتی دوای پێدانی هاوکارییە ماددییەکە، لەگەڵ ئاماژەدان بە بەرزترین تێکڕای داهات کە لە قۆناغی ناوەڕاستدا.
- زیادبوونی داهاتەکان لە سەرتاسەری ئاستی ئەدای قۆناغی سەرەتاییان دەگۆڕێت، ئەو کۆمپانیا و کار و بزنسانەی کەمترین ئەدایان هەبووە، بەرچاوترین پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە بینیووە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕەنگە گواستنەوە و هێنانی پارە سوودی زیاتری هەبێت بۆ ئەو کار و بزنس و کۆمپانیانەی کە هەوڵی زیاتر دەدەن.
- خانمان و گەڕاوان بە گشتی کەمتر هەست بە بەهای قازانج دەکەن، لەکاتێکدا ئاوارەکان لە هەردوو ماوەی شەش مانگ و دوانزە مانگدا زیادبوونی بەرچاو لە قازانجدا دەبینن.
- گەشەی قازانجی درێژخایەن سنووردارە، ئەمەش ڕەنگە بەهۆی زیادبوونی وەبەرهێنان یان کێبڕکێی بازاڕەوە بێت.

# قەرز و دەستگەیشتن بە سەرمایەی دارایی

لە سەرەتاوە، لەسەدا ٧٩ی خاوەنکارەکان گوتیان کە پێویستیان بە قەرز نییە لە ڕێکخراوێکی دارایی بچووک یان حکومەت (٨٢٪ی ژنان و ٧٧٪ی پیاوان). بەڵام ئەم ئاستە و ڕێژەی وەڵامدەرەوەکان لە قۆناغی کۆتاییدا بۆ لەسەدا ٥٥ دابەزیوە (٥٨٪ بۆ خانمان و ٥٤٪ بۆ پیاوان). زیادبوونی پشکی خاوەنکارەکان کە پێویستیان بە قەرزە (لە سەرانسەری هەردوو ڕەگەز و باری کۆچکردن) ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ ئامادەیی زیاتر بۆ قەرزکردن لە ڕێکخراوەکانی دارایی بچووک (شێوەی ٨).

[١٣] لادانی ستاندار: ٢٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی بووە بۆ قۆناغی سەرەتا، ٢٢٠٠ دۆلاری ئەمریکی بووە بۆ هەر یەک لە قۆناغەکانی ناوەڕاست و کۆتایی.

شێوەی ٨: ئەو کار و بزنسانەی کە پێویسیتان بە قەرزە لە ڕێکخراوێکی بچووک یان لە حکومەت





تێبینی: هەر خولێک ١٦٢٨ خاوەنکار لەخۆدەگرێت. لەم گروپە دا ٣١٠ خانم و ١٣١٨ پیاوی خاوەنکار هەبوو. ٩٥٣ یان ئەندامی کۆمەڵگەی میواندار، ٦٥ یان ئاوارە و ٦٠٨ یشیان گەڕاوەبوون.


لە سەرەتاوە، لەسەدا ٩٤ی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا وەڵامیان داوەتەوە کە هیچ قەرزدەرێکیان نییە لە بژاردە باسکراوەکان (بانکەکان، ڕێکخراوەی بچووکی دارایی، هاوڕێ یان خزم، یان کۆمپانیای سەرەکی و دایک). ئەم ڕێژەیە کەمێک دابەزیوە بۆ لەسەدا ٩٠ لە قۆناغی ناوەڕاستدا پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لەسەدا ٩٣ لە قۆناغی کۆتاییدا. زۆربەی خاوەن کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان کە قەرزیان لە هاوڕێیان یان خزم یان کۆمپانیای سەرەکی دایکەوە وەرگرتووە، لەوکاتەی ئەوانەی لە ڕێکخراوە بچووکی دارایی قەرزیان کردووە کەمترین ڕێژەیان هەبووە (شێوەی ٩). توێژینەوەکانی پێشووی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق دەریانخستووە کە زۆربەی خاوەن کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان قەرزکردنیان لە خێزان یان هاوڕێیان پێ باشترە، نەک سەرچاوەی فەرمی بەهۆی پێداویستییە دەستەبەرییە قورسەکان، پرۆتۆکۆڵە زەحمەتەکان و بەرزی ڕێژەی سوو (IOM، ٢٠٢٣). لە سەردەمی پەتای کۆرۆنا- کۆڤید١٩دا، کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان لە عێراق قەرزی نوێیان وەرگرتووە، کە زۆربەیان بە شێوەیەکی نافەرمی گرێبەستیان لەگەڵ خێزان یان هاوڕێیاندا کردووە بۆ وەرگرتنی ئەو قەرزە، کەمتر لە ٢٠٪ی کار و بزنسەکان میکانیزمی قەرزی فەرمی بەکاردەهێنن (IOM، ٢٠٢١).

لە شێوەی ژمارە ٩، پانێڵی A، خاوەنکارە ژنەکان زیاترەکان زیاتر قەرزیان لە هاوڕێیان یان خزمەکانیان وەرگرتووە لە چاو هاوتا پیاوەکانیان (بە ڕێژەی ٥٩٪ و ٣٩٪). پیاوان زیاتر لە کۆمپانیای سەرەکی/دایک قەرز دەکەن لە چاو ژنان (بە ڕێژەی ٥١٪ و ٢٢٪). ئەم دەرئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا هاوتەرییە کە دەرانیخستووە ژنان زیاتر کێشەیان هەیە بۆ دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی دارایی و زیاتر تووشی قەرزکردن دەبن لە خێزان و هاوڕێ نزیکەکانیان (OCDE، ٢٠١٦). لە کاتی شیکردنەوەی ڕەوتەکانی قەرزدەرەکان بەپێی دۆخی کۆچکردن، بۆمان دەردەکەوێت کە نزیکەی هیچ ئاوارەیەک (سێ لە قۆناغی ناوەڕاست و چوار لە قۆناغی کۆتایی) قەرزیان لەگەڵ هیچ کام لەو لایەنانەی باسکراو نەبووە. ئەوانەی وەڵامیان داوەتەوە وتوویانە قەرزاری هاوڕێ، خزم یان کۆمپانیای سەرەکی وەرگرتووە. گەڕاوەکان زیاتر لە هاوڕێیان یان خزمەکانیان قەرزیان کردووە (بە تێکرا ٥٩٪)، ئەمەش ڕێژەیەکە کە بەپێی خولەکانی ڕاپرسییەکە زیادیکردووە. ئەندامانی کۆمەڵگەی میواندار زیاتر هەمەچەشنبوون لە سەرچاوەی قەرزکرنیان دا، بە تێکرا، لەسەدا ٥١ قەرزیان لەگەڵ کۆمپانیای سەرەکی، لەسەدا ٣٧ لەگەڵ هاوڕێیان یان خزم و لەسەدا ١٠ قەرزیان لە بانکەکاندا کردووە (پانێڵی B لە شێوەی ٩).[١٤]

١٤ زۆربەی خاوەنکارەکان گوتیان کە هیچ وەبەرهێنانی دیکەیان نییە لەماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەدا (لە ٩٩٪)یان.

شێوەی ٩: سەرچاوەی قەرز




تێبینی: ڕێژەکان بە پشتبەستن بە ژمارەی ئەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا، هەریەک لە خانمان و پیاوان باسی ئەوەیانکردووە کە قەرزیان لە هەریەکێک لەو سەرچاوانەی لەسەرەوە باسکراوەون کردووە. لە گەڕی سەرەتادا، ٢٠ خانم و ٧٩ پیاو گوتیان کە قەرزدەری بازرگانییان هەیە، ٣٤ خانم و ١٢٠ پیاو هەمان شتیان وتووە دوای شەش مانگ، و ٢٦ خانم و ٩٣ پیاو دوای ساڵێک ئەو جۆرە قەرزەیان کردووە. لە گەڕی سەرەتادا، ٧١ ئەندامی کۆمەڵگەی میواندار، ٣١ گەڕاوە، و هیچ ئاوارەیەک باسی هەبوونی قەرزدەرێکی بازرگانییان کردووە. بەکۆی گشتی، ١٢٣ ئەندامی کۆمەڵگەی میواندار و ٢٨ گەڕاوە و سێ ئاوارە گوتیان کە دوای شەش مانگ قەرزیان کردووە، لەوکاتەی ٧٩ ئەندامی کۆمەڵگەی میواندار و ٣٩ گەڕاوە و ٤ ئاوارە دوای ساڵێک توشی قەرزکردن بوونە.

## دەرئەنجامە پێگەیشتووەکان

- ڕێژەی خاوەنکار و خاوەن بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان کە باسی پێویستییان بە قەرز کردووە لە دوای پێدانی هاوکاری ماددی پرۆگرامی سندوقی EDF زیادیکردووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی گەشەسەندن و ئامادەیی بووە بۆ گەڕان بەدوای سەرمایەی دارایی زیادەی دیکە.
- زۆرێک لە قەرزەکان هێشتان بەشێوەیەکی نافەرمی دەکرێن، قەرزکردن لە خزم و کەس و هاوڕێ و هەر باوە و باڵادەستە، بەتایبەتی لە نێوان ژنانی خاوەنکار و خاوەنکارە گەڕاوەکاندا.

# خستنەسەرکار و دامەزراندن

ڕەخساندنی هەلی کار هۆکارێکی گرنگە بۆ بوژانەوەی ئابوری لەدوای شەڕ و ململانێکان و ئەمەش ئامانجی سەرەکی پرۆگرامی سندوقی EDF-ە. دامەزراندن و خستنە سەرکار دەتوانێت سەقامگیری بێنێتە کایەوە، ئاسانکارییەکات بۆ یەکخستنەوە و ڕێکخستنەوەی ئابوری و کۆمەڵایەتی هاوڵاتیانی ئاوارە و سەرچاوەیەکی بژێوی بۆ کۆمەڵگە ناوخۆییەکان دابین بکات (Brück et al.، ٢٠١٦). کەرتی تایبەت


دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لەم چوارچێوەیەدا چونکە دەتوانێت زۆر خۆڕاگر بێت، بەڵام دەکرێت ئاستی کوالیتی کارەکان بەهۆی شەڕ و ململانێیەکانەوە دابەزێت و خراپ بێت (IEG، ٢٠١٣). لە ئەنجامدا، چاودێریکردنی بارودۆخی کارمەندانی نێو ئەو کار و بزنسانەی کە سوودمەندی پڕۆگرامی سندوقی EDF و مووچەکانیان و پرۆسەی دامەزراندنیان زۆر گرنگە. ئەم کار و بزنس و کۆمپانیایانە تواناى درووستکردنی هەلی کار و شێوازی باشتری دامەزراندن و خستنە سەرکاری کارمەندیان هەیە، کە بە یارمەتی هاوکارییە ماددیەکانی پڕۆگرامی سندوقی EDF دەتوانرێت ئەم توانایە زیاتر و باشتر بکرێت.

لە سەرەتای پرۆگرامەکەدا، کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکانی بەشداربووی پڕۆگرامەکە ئامانجی تایبەتیان دیاریکرد بۆ دامەزراندنی کارمەندی نوێ وەک بەشێک لە پلانی بازرگانی خۆیان. ئەم ئامانجانە لە پێداچوونەوەی وەرزیدا هەڵدەسەنگێندرێت، کە دەبێت جێبەجێبکرێن بۆ ئەوەی شایستەی ئەو هاوکارییە بن کە ماوە. سەرەڕای ئەوەش، کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندە بەشداربووەکان ئازادن لە ڕێکخستنی دامەزراندن لە بەشەکانی تری کارەکەیاندا. ئەنجامدانی ئەم کارە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی داینامیکی بەدەم بارودۆخی ناجێگیر و ناسەقامگیری بازاڕ بێن. ئەم بەشەی ڕاپۆرتەکە شیکاری دەکات لەسەرئەوەی کە ئایا کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکانی بەشداربووی پڕۆگرامی سندوقی EDF هیچ دامەزراندنێک و خستنەسەرکارێکی نوێیان لە سەرانسەری کار و بزنسەکەدا لە ماوەی ١٢ مانگی دوای پێدانی هاوکارییە ماددییەکە دروستکردووە یان نا. لە کاتێکدا کە دەبێت پلانی بازرگانی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکانی بەشداربووی پڕۆگرامی سندوقی EDF تا کاتی قۆناغی کۆتایی تەواو بکرێن، شتێکی بڕاردەیی و ئارەزوومەندانەیی دەبێت کە جاروبار ئەو وادەیە درێژبکرێتەوە کاتێک پاساوی گونجاو لەلایەن کۆمپانیاکانەوە دەدرێت. شیکارییەکە هیچ هەلی کارێک لەخۆناگرێت کە زیاتر لە دوانزە مانگ دوای پارەپێدانەکە ڕەخسێندرابێت.

بەگشتی، ١٦٢٨ کار و بزنس و کۆمپانیا لەم توێژینەوەیەدا پابەندبوون بە ڕەخساندنی ٧,٥٧٢ هەلی کار، کە بە تێکڕا ٤,٦ هەلی کار بۆ هەر کۆمپانیایەک. بە پشتبەستن بەو ئامارانەی کە کار و بزنس و کۆمپانیا بەشداربووەکان بۆ تیمی چاودێری ناوخۆیی سەربەخۆی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ باسیانکردووە، کۆمپانیاکانی سوودمەندبووی پڕۆگرامی سندوقی EDF بە تێکڕا ٤,٣ کارمەندیان لە ماوەی ١٢ مانگدا دامەزراندووە (٣,١ لە هێڵی/کاتی ناوەڕاست و ١,٢ لە هێڵی/کاتی کۆتایی). تا قۆناغی هێڵی ناوەڕاست، زۆربەی کۆمپانیاکان لە شەش مانگی پێشوودا لە نێوان یەک بۆ پێنج کارمەندیان دامەزراندووە (٦٢٪) (شێوەی ١٢).[15] بە گشتی، ئەمە دەکاتە ٧٠١٣ هەلی کار کە لەلایەن ئەم کار و بزنس و کۆمپانیایانەوە لە ماوەی ساڵێکدا دوای پێدانی یارمەتییە ماددییەکە دروستکراون. هاوکات، لە سەرەتاوە، بە تێکڕا ٠,٥ کرێکار لە شەش مانگی پێشوودا دامەزراون. لەم قۆناغەدا لەسەدا ٨٨ی کار و بزنسەکان لە شەش مانگی پێشوودا هیچ کارمەندێکیان دانەمەزراندووە.

پانێڵی A لە شێوەی ژمارە ١٠ لەسەدا ٥٩ی ئەو کار و بزنسانە نیشاندەدات کە دوای ١٢ مانگ ئامانجەکانی دامەزراندنیان بەدیهێناوە یان تێپەڕاندووە (٩٦٧ کار و بزنس و کۆمپانیا)، پانێڵی B لەسەدا ٨١ی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە نیشاندەدات کە تا قۆناغی کۆتایی کارمەندی نوێیان دامەزراندووە (١,٣٢٦ کار و بزنس و کۆمپانیا). لە نێو ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە دوای ١٢ مانگ ئامانجەکانیان بەدی نەهێنا، لەسەدا ١١یان تەنیا یەک کارمەندیان کەمتر لە پابەندبوونەکانیان دامەزراندووە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەسەدا ٧٠ی کار و بزنس و کۆمپانیاکان زۆر نزیک یان زیاتر بن لە پێشبینییەکانیان لەڕووی دامەزراندن و خستنە سەرکاری کارمەندەوە (بڕوانە پاشکۆی ج). ئەمەش بەراورد دەکرێت بە لەسەدا ١٦ی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە کە لەلایەن یەک یان چەند کارمەندێکیان زیاتر لە پابەندبوونی خۆیان دامەزراندووە. بە تێکڕا، ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە لە سەرووی ئامانجەکانی خۆیان پێکهاوە لە ڕووی دامەزراندنەوە ڕێژەی ٣.٤ کرێکار و کارمەند زیاتر لە ئامانجی دیاریکراوی خۆیان دامەزراندووە.


شێوەی ١٠: ڕەخساندنی هەلی کار




تێبینی: ئەو کار و بزنسانەی کە لەسەر هێڵی سوور یان لەسەرووی هێڵی سوورن ئامانجەکانی دامەزراندنی خۆیان لە ماوەی پرۆگرامەکەدا بەدیهێنا (تا ساڵێک دوای قۆناغی سەرەتا). ئەم شێوەیە وەڵامی ١٦٢٨ خاوەنکار لەخۆدەگرێت.

١٥ لە ٢٠ چاوپێکەوتندا ژمارەی ئەو کرێکارانەی لە شەش مانگی ڕابردوودا دامەزراون زیاتر بووە لە ژمارەی کارمەندانی ئێستا.

ڕونگە دامەزراندن و خستنەسەرکار لە ژێر کاریگەری شۆک و بەربەرستی گەورەی ئابوری و هۆکاری وەرزی و هەروەها وەرگرتنی یارمەتییە ماددییەکان بێت. بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەم زەحمەتی و ئاڵنگارییە، ئەم توێژینەوەیە مۆدێلێکی دوولایەنەی کاریگەرییە جێگیرەکانی بەکارهێنا بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی کار و بزنس و کۆمپانیا و ڕێکەوتی ڕاپرسییەکە بەپێی وەرز. شیکارییەکە زیادبوونێکی بەرچاوی ئاماری لە ڕەخساندنی هەلی کاردا لە سەرتاسەری گەڕەکانی ڕاپرسییەکەدا نیشاندا. لە گەڕی قۆناغی ناوەڕاست دا سێ کرێکاری تازە هەبوون و گەڕی کۆتایی دا ١,٧ کرێکاری دیکەش زیادبوون، هەردوو گەڕەکەش پەیوەست بە قۆناغی سەرەتای (شێوەی ١١). ڕێژەکانی پەیوەست بە کاریگەرییە جێگیرەکان لە ئاستی چارەکیی/وەرزێکی ساڵیدا ئاماژە بەوە دەکەن کە وەرزی ساڵ کاریگەری لەسەر دامەزراندن و خستنەسەرکار هەیە، چونکە هەندێک ماوە کاریگەری ئەرێنی بەرچاوی ئامارییان لەسەر گۆڕاوەکە هەیە (زۆربەی چارەکی چوارەمی هەر ساڵێک) (بڕوانە پاشکۆی E). تێکڕای ڕاستەقینەی دامەزراندن و خستنەسەری کاری کرێکار و کارمەندانی ١,٢ کرێکاری نوێ بوو لە هێڵی ناوەڕاست و ٣,١ لە قۆناغی کۆتایی، بۆیە هەندێک هۆکار هەیە کە ئەگەری زۆریان هەیە بۆ کەمکردنەوەی دامەزراندنی شەش مانگ لە دوای قۆناغی سەرەتا و زیادکردنی لە دوای ١٢ مانگ لە قۆناغی کۆتایی. ئەمەش ئەوە نیشاندەدات کە ویستێک هەیە بۆ ئەوەی ئەو یارمەتییە ماددیە ئاستی دامەزراندنی کارمەند زیاتر بکات لە کورتخایەندا (شەش مانگ دوای خەرجکردن و پارە پێدانەکە)، لەگەڵ کەمبوونەوەی ئەو ئاستە بەرزبۆوەی خستنەسەر کار و دامەزراندنی کارمەند لە قۆناغی کۆتایی دا.




شێوەی ١١: ڕەخساندنی هەلی کار و پەیوەندی بە گەڕی ڕاپرسیەکەوە


تێبینی: ئەم شێوەی سەرەوە کاریگەرییە ماماوەندە خەمڵێنراوەکان لەسەر ژمارەی کرێکارانی نوێ لە شەش مانگی ڕابردوودا بە ڕێژەی متمانەی ٩٥٪ نیشاندەدات. پاشکشە بۆ کاریگەرییە جێگیرەکان لە ئاستی کار و بزنس و کۆمپانیا و ڕێکەوتی چاوپێکەوتن (بە چارەک/وەرز) کۆنترۆڵکرا و دیاریکرا. پاشەکشە ٢٤٥٣ کار و بزنس و کۆمپانیای لەخۆگرتبوو. ئەوانەی کە هەموو گەڕەکانی چاوپێکەوتنەکانیان تەواو نەکردبوو گیرانەخۆ، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خەمڵاندنەکە.


نیشاندانی دابەزینی ئاستی دامەزراندنە نوێیەکان مانای ئەوەیە کە هەندێک لە کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان دەتوانن کارمەندان لە نێوان قۆناغی ناوەڕاست و قۆناغی کۆتاییدا دەربکەن و دووبارە دایانمەزرێننەوە و بیانخەنەوە سەرکار، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژمارەی کارمەندی تازەیان ببێتە دوو هێندە لەکاتی ئاڵوگۆڕپێکردنی ژمارەی کارمەندەکان. سەرەڕای ئەوەش، خستنەسەرکار و دامەزراندنە نوێیەکان کە بەهۆی پلانەکانی کار و بزنسەکانی سوودمەندبووی پرۆگرامی سندوقی EDFوە ڕوودەدەن، کە ڕونگە زیادبوونی کارمەندی نوێ بە دەرکردن لە بەشەکانی تری کارەکەدا قەرەبوو بکرێتەوە. بەکارهێنانی ڕێبازێکی جێگرەوە وپارێزراوتر بریتییە لە خەمڵاندنی دروستکردنی هەلی کاری سافی لە دوای ١٢ مانگ بە وەرگرتنی هاوکارییە ماددیەکە، دەبێت جیاوازی لە کۆی گشتی ژمارەی کارمەندان (چەند کاژێرێک-کاژێری تەواو) کاردەکەن لە قۆناغی کۆتایی وەربگیرێت، بەراوردی کۆی گشتی ژمارەی ئەو کرێکارانەی بکرێت کە ئەو کار بزنسە لە پێش بەشداریکردنی لە پرۆگرامی سندوقی EDF هەیبووە (واتە لە قۆناغی سەرەتادا هەیبووە) ژمارەی کرێکارانی لەسەرەتای بەشداریکردنەکەی). ئەو جیاوازییە سافی و دروستەی کە لە بەراوردکردنی کۆی گشتی ژمارەی کارمەند لە هەردوو کاتەکە دا دەردەکەوێت، مانای پابەندبوونی ئەو کار و بزنسە بە پلانی کاری پێشکەشکراوی بە سندوقی EDF دەگەیێنێت.

لە کاتی پێدانی هاوکارییە ماددییەکە، بە تێکڕا، کار و بزنس و کۆمپانیا ٥,٣ کارمەندی هەبوو، کە دوای ١٢ مانگ تا قۆناغی کۆتایی ئەم ژمارەیە بۆ ٨,٤ کارمەند بەرزبووەوە (بڕوانە شێوەی ١٢).[16] ئەم زیادبوونە سافییە بەرچاوە بە ڕێژەی ٣,١ کارمەند، یان لەسەدا ٥٨ی ئاستی سەرەتایی دامەزراندن، هاوتەرییە لەگەڵ بەڵگەی پتەو کە لە ئەدەبیاتی ئەم بابەتە دا هاتووە و بە شێوەیەکی ئەرێنی باسی هاوکارییە ماددییەکە دەکات بەوەی کە دامەزراندن لە کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکاندا زیاد دەکات (Muraközy and Telegdy, ٢٠٢٣; Kersten et al., ٢٠١٧; Baird et al., ٢٠١٨). لە سەرتاسەری ئەو ١,٦٢٨ کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەی کە لە توێژینەوەکەدا بەشداربوون، زیادبوونەکە هاوتایە لەگەڵ ٥,٠٥١ هەلی کاری نوێ کە بە شێوەیەکی پاک ڕەخسێندراون – یان دوو لەسەر سێی ئەو پابەندبوونەی کە لە پلانی بازرگانی ٦٢٨ کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان دا هاتووە، بەدیهێنراوە.

١٦ لادانێکی ستاندارد بۆ ئەم گۆڕاوە ٦.٥ کرێکارە، و بەهای ناوەندی ٧ کرێکارە.

شێوەی ١٢: خستنەسەرکار و دامەزراندنی کرێکار و کارمەندی تازە لەماوەی ٦ مانگی پێشوو





تێبینی: هەر خولێک ١٦٢٨ خاوەنکار لەخۆدەگرێت. لەم گروپە دا ٣١٠ خانم و ١٣١٨ پیاوی خاوەنکار هەبوو. ٩٥٣ یان ئەندامی کۆمەڵگەی میواندار، ٦٥ یان ئاوارە و ٦٠٨ یشیان گەڕاوەبوون.

لە پاشکۆدا، خشتەی C، پانێڵی B، جیاوازی نێوان ڕەخساندنی هەلی کار لە قۆناغی کۆتاییدا (کارمەندانی چەند کاژێری لەگەڵ کارمەندانی کاژێری تەواو لە قۆناغی کۆتاییدا کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندان پێش دەستپێکردنی پرۆگرامی EDF) و ئامانجی دیاریکراو لە پلانی بازرگانی کار و بەشداربووی سندوقی EDFدا نیشاندەدات. ئەم حیسابکردنە ئەوە نیشاندەدات کە لەسەدا ٤٩ی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان بەتەواوی پابەندبوونی خۆیان بە ڕەخساندنی هەلی کار و دامەزراندن جێبەجێکردووە یان بە زیادەوە کردوویانە، لەگەڵ لەسەدا ١٧ی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکانی وەرگری هاوکارییە مادییەکە زیادبوونی زیاتریان لەو ژمارەکە کارمەندە هەبووە کە لە پلانی بازرگانی خۆیاندا دیاریانکردبوو. لەسەدا ١٥ی دیکەشیان تەنیا یەک کرێکار کەمتر لەو ئامانجانەی لە پلانی کاریان دا هەبووە، دامەزراندووە.

گرووپە ئاوارەبووەکان ئەوەیان نیشاندا ئاوارەکان کێشەیان هەبووە لە جێبەجێکردنی پابەندبوونەکانیان بە دامەزراندن و خستنەسەرکاری کارمەند بە شێوەیەک کە زیاتر بێت لە ئەندامانی کۆمەڵگەی میواندار و گەڕاوەکان، چونکە لەسەدا ٥١ی ئاوارەکان (٣٣) پێشبینییەکانیان بەدیهێناوە یان تێپەڕاندووە. بە بەراورد، لەسەدا ٦٠ی ئەندامانی کۆمەڵگەی میواندار (٥٦١) و لەسەدا ٦٤ی گەڕاوەکان (٣٨٥) ئەو کارەیان کردووە. بە ڕوانین لە جیاوازی نێوان ڕەگەزی ژن و پیاو، لەسەدا ٥٨ی خاوەنکارە ژنەکان پابەندیەکەیان بەدیهێناوە یان تێپەڕاندووە، لە کاتێکدا لەسەدا ٦٢ی پیاوان بەو ئامانجە گەیشتوون.

ڕەگەزی خاوەن ارەکە دیارخەرێکی سەرەکییە بۆ ڕەخساندنی هەلی کاری دامەزراندنی ژنان. بەژمارەی دروست، خاوەنکارە ژنەکان ٢,٥ ژنیان لە بەرانبەر هەر پیاوێک خستۆتە سەرکار لە شەش مانگ دوای قۆناغی سەرەتادا (بڕوانە شێوەی ١٣، پانێڵی A) و سێ ژنیان بەرانبەر هەر پیاوێک خستۆتە سەرکار لەماوەی ١٢ مانگ دوای قۆناغی سەرەتا (بڕوانە شێوەی ١٣، پانێڵی B). خاوەنکارە پیاوەکان لە ٦ و ١٢ مانگ دوای قۆناغی سەرەتا، بە بەراورد بە خاوەنکارانی ژن، ١٠ جار زیاتر پیاوانیان خستۆتە سەرکار.

شێوەی ١٣: ڕێژەی پیاو بەرانبەر بە ژن لەنێو ئەو کرێکارە تازانەی کە لە لایەن خاوەنکارانەوە خراونەتە سەرکار بەپێی ڕەگەزی خاوەنکار




## دەرئەنجامە پێگەیشتووەکان

- کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندە بەشداربووەکانی سندوقی EDF هێزی کاریان لە ماوەی دوانزە مانگدا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد. بە تێکڕا، کار و بزنس و کۆمپانیاکان ٤.٣ کارمەندی نوێیان لە کۆی گشتی و ٣.١ کارمەندی نوێیان دامەزراندووە.
- نزیکەی لەسەدا پەنجای کار و بزنسەکان لە ماوەی دوانزە مانگدا پابەندییەکانیان بۆ دامەزراندن و خستنەسەرکاری کارمەندی تازە بە تەواوی جێبەجێکردووە یان تێپەڕاندووە، و بەگشت-یش، نزیکەی لەسەدا شەست ئەو پابەندییەیان بەدیهێناوە.
- هەندێک جیاوازی لە پابەندییەکانی ئامانجە دیاریکراوەکانی دامەزراندن هەبووە لە نێو ئاوارەکان و ژنە خاوەنکارەکاندا.


## موچە

شێوەی ١٤ دابەشکردنی موچەی مانگانە نیشاندەدات. بە درێژایی سێ گەڕی چاوپێکەوتنەکە، دابەشکردنەکە بە نزیکەیی وەک خۆی ماوەتەوە. تێکڕای ناوەندی مووچە لە نێوان ٢٤٥ و ٢٤٩ دۆلاری ئەمریکی دایە لە قۆناغی سەرەتا تا کۆتایی، و تێکڕای ناوەندی مووچەش ٢٥٠ دۆلاری ئەمریکی بەردەوامە. ئەدەبیاتی ئەم بابەت سەبارەت بە پێدانی هاوکاری ماددی بە کار و بزنس بۆ کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان ئەنجامگەلێکی گشتگیری نەبووە (Kersten et al.، ٢٠١٧). هەندێک لە توێژینەوەکان کاریگەری نایەکسان بەپێی ئاستی لێهاتوویی کارمەندەکە خستۆتەڕوو، کە تەنیا کرێکاران و بەڕێوەبەرانی خاوەن لێهاتوویی زۆر مووچەکەیان زیادبوونی بەخۆیەوە بینیووە (Muraközy and Telegdy، ٢٠٢٣).

هەرچەندە موچە پێدانەکان هیچ گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە نێوان گەڕەکان نیشان نادەن، بەڵام هەندێک لێکنەچوون و جیاوازی لە ڕووی ڕەگەزییەوە هەیە (شێوەی ١٤، پانێڵی A). لە قۆناغی ناوەڕاستدا، خاوەنکارە ژنەکان ویستی ئەوەیان هەبوو جیاوازی لە کەمترین مووچەی کارمەندان زیاتر کەمبکەنەوە، لادانێکی ستانداردیان لە ١٠٩ دۆلارەوە لە قۆناغی سەرەتادا کردە ٩٤ دۆلار دوای شەش مانگ، و ١٢ مانگ دواتر، زۆرترین ئاستی کەمترین بەهای مووچەیان لە کارمەندەکانیان هەبوو. دەرکەوتووە کە ژنانی خاوەنکار ڕووبەڕووی فشاری زیاتر دەبنەوە بۆ هاوبەشکردنی سەرچاوەکانیان، یان قازانج یان وەرگرتنی هاوکارییە ماددییەکانی کار و بزنس (Jayachandran، ٢٠٢١). سەبارەت بە خاوەنکارانی ژن و پیاو، پێدانی موچەی کارمەندان دوو شێوازی هەبوو، بەگوێرەی بەرزی ئاستی کارامەیی کارمەندەکەبوو. [١٧] پێدانی موچە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو بۆ ئەو کارانەی کە لەلایەنە ئاوارەکان یان گەڕاوەکانەوە خاوەندارییەتی دەکرێن. ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی ئەوەیە کە لە بەشی ڕەخساندنی هەلی کار دا خرایەڕوو، چونکە خاوەنکاران زیاتر ویستی ئەوەیان هەبووە کە کارمەندی زیاتر دابمەزرێنن بەڵام بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری لە پێدانی موچەکانیان دا بکەن.

١٧ توێژینەوەکان دەریانخستووە کە هەبوونی سەرمایە وادەکات ئەم دوو شێوازە موچە پێدانەی کارمەندان هەبێت، دوو گروپ دروستدەکات، گروپێکی "هەژار" و گروپێکی "دەوڵەمەند"، کە بۆشاییی لە نێوان هەردوو گروپەکەدا هەیە (Balboni et al.، ٢٠٢١).

شێوەی ١٤: پێدانی مووچە مانگانە بە کارمەندان بەپێی ڕەگەزی خاوەنکار




تێبینی: هەر خولێک ١٦٢٨ خاوەنکار لەخۆدەگرێت. لەم گروپە دا ٣١٠ خانم و ١٣١٨ پیاوی خاوەنکار هەبوو. ٩٥٣ یان ئەندامی کۆمەڵگەی میواندار، ٦٥ یان ئاوارە و ١٠٨ یشیان گەڕاوەبوون. هەر خاوەن کۆمپانیایەکی بچووک و مامناوەند کە قازانجەکەی لە سەرووی ئەو بەهایە بێت کە لەسەدا ٧٥ی دابەشکردنەکە تێیدا وەستاوە، ١.٥ یەکجار و نیو زیاترە لە مەودای نێوان سەدا ٧٥ و سەدا ٢٥ کەدا، یان لە خوار ئەو بەهایەی کە لەسەدا ٢٥ی دابەشکردنەکە وەستاوە، کەمکردنەوەی هەمان مەودا، وەکو لایەنێکی دەرکی ڕەچاوکراوە.

زۆربەی خاوەنکارەکان وەڵامی نەرێنییان دایەوە کاتێک پرسیاریان لێکرا کە ئایا لە شەش مانگی ڕابردوودا شاگردیان ڕاهێناوە (٨١٪ بە گشتی نەرێنی). تا قۆناغی ناوەڕاست، ئەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵکراوە وتوویانە "بەڵێ" بە ڕێژەی شەش خاڵ زیادی کردووە بۆ لەسەدا ٢٤. لە هەمان قۆناغدا، خاوەنکارانی ژن و خاوەنکارانی کۆمەڵگەی میواندار ئەگەری زیاتریان هەبوو کە شاگردی ڕاهێنراویان هەبووبێت (٢٨٪ی ژنان و ٢٧٪ی ئەندامانی کۆمەڵگەی میواندار).

### دەرئەنجامە پێگەیشتووەکان


- دابەشبوونی پێدانی موچە بە یەکسانی ماوەتەوە، هیچ گۆڕانکارییەکی بەرچاو تێکڕای بەهای ناوەند نەبووە.
- هەندێک جیاوازی لەسەر بنەمای ڕەگەز هەبووە، خاوەنکارە ژنەکان گۆڕانکارییەکانی کەمترین موچەیان بەرتەسک کردەوە و زۆرترین ڕێژەی کەمترین موچەیان هەبووە. ئەم شێوازە ڕەنگە ڕەنگدانەوەی ئەو فشارە زیادەیە بێت کە ژنان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە دەستگەیشتن بە سەرچاوەکاندا.
- هەرچەندە کار و بزنسەکان ڕێژەی دامەزراندنیان زیاد کرد، بەڵام موچەکان بەرزبوونەوەیەکی هاوشێوەی بەرزبوونەوەی ئاستی خستنەسەرکاریان بەخۆیانە نەبینی.


# جێبەجێکردن و پەیڕەکردنی خستنە سەرکار و دامەزراندن

لە عێراقدا باوترین شێوازەکانی دامەزراندن، دامەزراندنی نافەرمیین، لەوانەش لە ڕێگەی پەیوەندی کەسیی و قسەی زارەکی (IOM Iraq، ٢٠٢١a). لەناو تەواوی کار و بزنسەکانی سوودمەندبووی پرۆگرامی سندوقی EDF، هەبوونی پەیوەندیی بازرگانی باوترین شێواز بووە بۆ دامەزراندنی کارمەند لە قۆناغەکانی ناوەڕاست و کۆتایی (٥٨٪ و ٥٤٪ بەدوای یەکدا ، شێوەی ١٥). بەکارهێنانی پەیوەندییە بازرگانییەکان بووە هۆی دروستبوونی پەیوەندی هاوڕێیەتی، کە لەسەدا ٥٢ی کار و بزنسەکان لە سەرەتاوە ئەم شێوازەیان بەکارهێناوە، کە ڕێژەیەکە تا قۆناغی کۆتایی بۆ لەسەدا ٤٤ دابەزیووە. هەروەها ڕێژەی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە کە لە ڕێگەی پەیوەندییە خێزانییەکانەوە دامەزراندنیان هەیە لە هێڵی ناوەڕاستدا کەمیکردووە، لە ٤٣٪ لە سەرەتاوە بۆ ٣٧٪ دابەزیووە.

هەروەها ڕێژەی ئەو کار و بزنسانەی کە کرێکاران پەیوەندی کۆمەڵایەتیان بە خاوەنکارەکەوە هەیە بە شێوەیەکی بەرچاو شەش مانگ دوای قۆناغی سەرەتا بە ڕێژەی ٨ خاڵ زیادی کردووە. خاوەنکارانی پیاو بە شێوەیەکی بەرچاو زیاتر پەیوەندییە بازرگانییەکان بەکاردەهێنن (٥٥٪ بەرانبەر ٤٣٪) و لە چاو خاوەنکارانی ژن کەمتر ڕیکلام و ڕاگەیاندنی پۆستەکە بەکار دەهێنن (١٠٪ بەرانبەر ٢٠٪). هەمەچەشنکردنی شێوازی دامەزراندن لەلایەن خاوەن کارە ژنەکان دەتوانێت کارامەیی لە نێوان کەرتی تایبەت و گشتی باشتر بکات، کە نەبوونی کارامەیی و پێدانی کار بەپێی کارامەیی لە ئاستێکی بەرزدایە (ILO، ٢٠٢١). هیچ شێوازێکی جیاواز لە شێوازەکانی دامەزراندنی کارمەند بەپێی باری کۆچبەری نەبوو (شێوەی ١٥، پانێڵی B).

شێوەی ١٥: میتۆد و شێوازەکانی دۆزینەوەی کارمەند




تێبینی: هەر خولێک ١٦٢٨ خاوەنکار لەخۆدەگرێت. لەم گروپە دا ٣١٠ خانم و ١٣١٨ پیاوی خاوەنکار هەبوو. ٩٥٣ یان ئەندامی کۆمەڵگەی میواندار، ٦٥ یان ئاوارە و ٦٠٨ یشیان گەڕاوەبوون. ئەمە پرسیارێکی فرە هەڵبژاردە بوو.

### دەرئەنجامە پێگەیشتووەکان

- شێوازەکانی دامەزراندنی نافەرمی زاڵ و بەربڵاون، پەیوەندییە بازرگانی و هاوڕێیەتییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە دامەزراندنی کارمەند لە نێوان کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکانی سوودمەندبووی سندوقی EDF.
- تا قۆناغەکانی ناوەڕاست و کۆتایی پەیوەندییە بازرگانییەکان بوونە باوترین شێوازی دامەزراندنی کارمەند، لەکاتێکدا پشتبەستن بە پەیوەندییەکانی هاوڕێیەتی و خێزان کەمیکرد.
- خاوەنکارانی پیاو زیاتر پوەندییە بازرگانییەکان بەکاردەهێنن، لەکاتێکدا خاوەنکارە ژنەکان بەڕێژەیەکی بەرچاو زیاتر ئەگەری بەکارهێنانی ڕیکلامیان هەبووە لە دامەزراندن و خستنەسەرکاری کارمەند دا.


## هەلومەرج و دۆخی کارکردن

گرێبەستی بەنووسراوی دامەزراندن و تۆمارکردنی کارمەندان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا نیشاندەری باوی کارە نافەرمیەکانن لەناو کەرتی فەرمیدا (WIEGO, ٢٠١٢). بەرزی ڕێژەی ئەو فەرمانبەرانەی کە لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا ناویان تۆمار نەکراوە، دیاردەیەکی فراوانترە لە عێراقدا، کە کەرتی تایبەت بە بەراورد بە کەرتی گشتی خراپترە و زۆربەی دامەزراندنەکانیش نافەرمییە (IOM Iraq, ٢٠٢١a). پێکهاتەی

دامەزراوەی پاراستنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی زۆر بە سیاسی کراوە و دابەشکراوە و یەکگرتوو نییە (Alzobaidee, ٢٠١٥).

لە سەرەتادا، زۆربەی کارمەندانی کە لە نموونەی کار و بزنسە وەرگیراوەکان گرێبەستێکی نووسراویان نەبوو. دوای شەش مانگ لە کاتی سەرەتا، ڕێژەی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە لە ڕێگەی گرێبەستەوە کارمەندەکانیان دادەمەزرێنن، لە ڕووی ئامارییەوە لە سەدا ١٤ بۆ لەسەدا ٨٠ زیادی کردووە. زیادبوونی ئەو کارمەندانەی کە لە ڕێگەی گرێبەستەکانەوە دامەزراون، جوڵەیەکی ئەرێنی لە بە فەرمیکردنی کار و بزنس و کۆمپانیا سوودمەندبووەکانی سندوقی EDF نیشاندەدات. خاوەنکارە ژنەکان کەمێک زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەبوو کە کارمەندیان گرێبەستی نووسراویان هەبێت دوای ٦ مانگ بە (٪٧٩) و ١٢ مانگ بە (٪٨٧) دوای سەرتا (٪١٩)، لەچاو خاوەنکارانی پیاو بە (٪٦٦ دوای ٦ مانگ و ٪٧٨ دوای ١٢ مانگ) (شێوەی ١٦)، ، پانێلی A). بە بەراورد لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەی میواندار، ئاوارەکان و گەڕاوەکان لە دوو گەڕی ڕابردوودا گرێبەستی نوسوراویان لەگەڵ کارمەندەکانیان بە شێوەیەکی بەرچاو بەکارهێناوە (شێوەی ١٦، پانێلی B). ئەم دەرئەنجامانە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا هاوتەریین کە دەریدەخەن ئەو خاوەنکارانەی کە یارمەتی هاوکاری ماددی وەردەگرن ویستی ئەوەیان هەیە کەمتر کرێکاری ئاسایی و تەقلیدی دابمەزرێنن (Grimm et al., ٢٠٢١; Jayachandran, ٢٠٢١).


شێوەی ١٦: ئەو کار و بزنسانەی کە گرێبەست لەگەڵ کارمەندانیان دەکەن




تێبینی: هەر خولێک ١٦٢٨ خاوەنکار لەخۆدەگرێت. لەم گروپە دا ٣١٠ خانم و ١٣١٨ پیاوی خاوەنکار هەبوو. ٩٥٣ یان ئەندامی کۆمەڵگەی میواندار، ٦٥ یان ئاوارە و ٦٠٨ یشیان گەڕاوەبوون.

جگە لەوەش، زۆربەی کار و بزنسەکان وەڵامی ئەرێنیان داوەتەوە بۆ جێبەجێکردنی ڕێکارە تەندروستی و ئەمنییەکان لە ئیش و کارەکانیان دا (هەبوونی ئاگرکوژێنەرەوە، کیتی فریاگوزاری سەرەتایی و کەرەستەکانی وەک دەستکێش، کڵاو، چاویلکە و هێلەگی کارکردن) (شێوەی ١٧). ڕێژەکە لە سەدا ٦٥ بۆ لەسەدا ٩١ لە ساڵێکدا دوای کاتی سەرتا زیادیکردووە. ئەمەش دەرئەنجامێکی ئەرێنییە کاتێک دەخرێتە چوارچێوەی هەلومەرج و بارودۆخی کارکردن لە عێراقدا، بەو پێیەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار ئاماژەی بە نەبوونی پرۆتۆکۆڵی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی لە وڵاتەکەدا کردووە و ڕێژەیەکی بەرزی مردن و ڕووداوە کوشندەکانی پەیوەست بە کارەوە هەیە (ILO, ٢٠٢٣) .

شێوەی ١٧: ئەو کار و بزنسانەی کە ڕێککارە تەندروستی و ئەمنییەکان جێبەجێدەکەن




تێبینی: هەر خولێک ١٦٢٨ خاوەنکار لەخۆدەگرێت. لەم گروپە دا ٣١٠ خانم و ١٣١٨ پیاوی خاوەنکار هەبوو.


### دەرئەنجامە پێگەیشتووەکان

- گۆڕانکارییەکی بەرچاو بەرەو بەفەرمیکردنی دامەزراندن و خستنەسەرکار لە کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکانی سوودمەندبووی سندوقی EDFدا هاتەکایەوە، وەک زیادبوونی بەرچاوی بەکارهێنانی گرێبەستە نووسراوەکان شەش مانگ دوای قۆناغی سەرەتا.
- هەرچەندە خاوەنکارە ژنەکان ژمارەیەکی کەمتر کارمەندیان دامەزراند، بەڵام کەمێک ئەگەری دامەزراندنیان لە ڕێگەی گرێبەستی و فەرمیبوونەوە، بە بەراورد بە هاوتا پیاوەکان، زیاتر بوو. ئەم جوڵەیەش پەلی کێشا بۆ جێبەجێکردنی ڕێککاری تەندروستی و سەلامەتی لە شوێنی کارەکانیاندا.
- سەرەڕای بەرەوپێشچوونەکان، ئاوارەکان و گەڕاوەکان ڕێژەی بەکارهێنانی گرێبەستکردنیان لەکار و لە دامەزراندنی کارمەند کەمتر بوو.

# کار و بزنسەکانی سوودمەندبووی سندوقی EDF لە کاتی پەتای کۆڕۆنا دا

لە کاتی پەتای کۆڕۆنا دا، ئابوری عێراق ڕووبەڕووی دوو زیان و شۆکی گەورە بووەوە: سنووردداربوون و کەمبوونەوەی جوڵە جموجۆڵە ئابورییەکان و دابەزینی بەرچاوی نرخی نەوت، کە پیشەسازی سەرەکی وڵاتەکەیە. ئەم دۆخە ڕەوتی دامەزراندن و خستنە سەرکاری خراپتر کرد، بێکاری ئاستی ساڵی ٢٠١٨ی تێپەڕاند و بە شێوەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر گروپە لاواز و کەمدەرامەتەکانی وەک ئاوارەکان، ژنان و گەنجان هەبوو (IOM ,٢٠٢١). قەیرانەکە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان لە عێراق دانا و بووە هۆی دابەزینی بەرچاوی ئاستی بەرهەمهێنان و فرۆشتن و دامەزراندن. زۆرێک لە کۆمپانیاکان گوتیان کە مەترسی داخستنی هەمیشەییان لەسەرە و هەرچەندە ئەم مەترسییە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ کەمیکرد، بەڵام داهاتەکانیان نەگەیشتووەتە ئاستی پێش پەتاکە. ستراتیژییەکانی ڕووبەڕووبوونەوە و خۆگونجاندن بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییان بەسەردا هات، سەرەتا خاوەنکاران دامەزراندنیان کەمکردەوە و دواتر سەرنجیان خستە سەر دانوستاندنە داراییەکان و زیادکردنی هەوڵەکانی بە بازاڕکردن. هەروەها پەتاکە جیاوازی جێندەری لە بازاڕی کاردا بۆ ماوەیەکی کاتی فراوانتر کرد (IOM ,٢٠٢١).

پرسیار لە خاوەنکارەکانی سوودمەندبووی سندوقی EDF کرا سەبارەت بە کاریگەریی پەتای کۆڕۆنا لەسەر کارەکانیان. بۆ قۆناغەکانی ناوەڕاست و کۆتایی چاوپێکەوتنەکان، وەڵامدەرەوەکان ویستی زیاتریان هەبوو بۆ وەڵامدانەوەی ئەوەی کە پەتای کۆڕۆنا کاریگەری لەسەر کارەکانیان نەبووە (هەریەکیان ٢٥٪) (شێوەی ١٨). ئەم ئاراستەی وەڵامدانەوەش هیچ جیاوازییەکی لەنێوان خاوەنکارەکانی ژن یان پیاو نیشان نەدا. هەروەها نیوەی ئەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا، وەڵامیان داوەتەوە کە کاریگەری نەرێنییان لەسەر بووە بەهۆی پەتای کۆڕۆناوە (بە تێکڕا ٧٥٪) بەڵام بەبێ هاوکارییە ماددییەکانی پرۆگرامی سندوقی EDF نەیان دەتوانی ئەم سەختییانە تێپەڕێنن. زۆربەی بەشداربووان، بە تایبەتی خاوەنکارە ژنەکان، گوتیان کە دەیانتوانی کارمەندی زیاتر دابمەزرێنن ئەگەر لە سەرەتاوە کاریگەری پەتای کۆڕنا تواناکانی سنووددار نەکردبان (٦٣٪).




شێوەی ١٨: ئەو کار و بزنسانەی کە کاریگەری پەتای کۆرۆنایان لەسەر بوو

تێبینی: بەکۆی گشتی، ٥٢٣ بەشداربوو لە قۆناغی سەرەتا وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە(٤٥٤ لە قۆناغی ناوەڕاست و٣٠٩ لە قۆناغی کۆتایی). لە سەرەتاوە، لەسەدا ٤ی ئەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا وەڵامیان داوەتەوە کە کاریگەری ئەرێنی پەتای کۆرۆنایان لەسەر بووە. ئەم ڕێژەیە بۆ قۆناغی ناوەڕاست لەسەدا ٢ و بۆ قۆناغی کۆتایی لەسەدا ٣ بووە. گروپی سەرەتایی پێکهاتبوو لە ٩٧ ژن و ٤٢٦ پیاو.

پانێڵێکی توێژینەوەکە لەسەر کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە ساڵی (٢٠٢١) گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە کاریگەرییەکی زۆر و بەهێزیان لەسەر بووە بەهۆی داخستنیان لە کاتی پەتای کۆرۆنا و سنووردارکردنی بەرهەمهێنان، فرۆشتن و دامەزراندن و خستنەسەرکاری کارمەند. لەناو نموونەی ئەو کار و بزنسانەدا، زیاتر لە نیوەیان باسیان لەوەکرد کە مەترسی داخستنی هەمیشەییان لەسەرە. ئاستی دامەزراندن و داهات لە نێوان کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکانی کە توێژینەوەیان لەسەرکراوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ لە خوار ئاستی پێش پەتاکەدا ماوەتەوە، و کار و بزنس و کۆمپانیاکان باسی ئەوەیانکرد کە دووبارە کەمکردنەوەی دامەزراندن و خستنەسەرکاری کارمەند بۆ ماوەیەکی کاتی و نەدانی پارەی کرێی و موچەی کارمەند بۆ خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی پەتای کۆرۆناوە بووە (IOM، ٢٠٢١). ئەو کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندانەی کە لەلایەن EDF لە کاتی پەتای کۆرۆنادا پاڵپشتیکران، خۆڕاگری زیاتریان نیشان دا و ئەگەری دەرکردنی کرێکارەکانیان کەمتر بوو، بە بەراورد بەو کار و بزنسە هاوشێوانەیان کە هاوکاریە مادییەکەیان وەرنەگرتبوو (IOM Iraq، ٢٠٢١c).

### دەرئەنجامە پێگەیشتووەکان


- پەتاکە بە شێوەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر ئابوری عێراق هەبووە، بەتایبەتی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان، کە زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە و ژنان و گەنجان و ئاوارەکان زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە. هاوکاریە مادییەکانی سندوقی EDF یارمەتیدەر بوون بۆ کەمکردنەوەی ئەم کاریگەری و زیانە نەرێنییە.
- سەرەڕای هەندێک خۆڕاگری، جیاوازی جێندەری فراوانتر بوو، و کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان کێشەیان هەبوو بۆ گەڕانەوە بۆ ئاستی پێش پەتاکە.

## ئاسۆی داهاتوو

زۆربەی خاوەنکارەکان پێیانوابوو کە دەتوانن کارەکانیان بۆ ماوەی ١-١٠ ساڵی دیکە لە هەردوو گەڕی چاوپێکەوتنەکەدا (٤٢٪ بە گشتی) بە کارایی بمێننەوە (شێوەی ١٩). ڕێژەیەکی هاوشێوەی خاوەنکارەکان هەستیان کردووە کار و بزنس و کۆمپانیاکەیان دەتوانێت بۆ ماوەی ١١-٢٠ ساڵ و ٢١-٣٠ ساڵ بمێنێتەوە (٢٥٪ و ٢١٪ بەدوای یەکدا). ئەم باوەڕە بۆ هەردوو خاوەنکارانی ژن و پیاو وەک یەک نەبوو، پێشبنیکردن بۆ بەردەوامبوون لە کارکردن بۆ ٢٠-٣٠ ساڵ لە بازاڕدا زۆر زیاتر باو بوون تا کاتی کۆتایی لای خاوەنکاری پیاو، زیاتر لە ژنان. سەبارەت بە ژنانی خاوەنکار، تێکڕای ناوەندی لە پێشبینیکردنی ماوەی ١٥ ساڵ کارکردن لە بازاڕ ماوەتەوە، بەڵام لەسەدا ١٠ی ڕیزبەندی سەرەوەیان هیواکانیان لە ٢٥-٥٠ ساڵەوە بۆ ٣٥-٥٠ ساڵ زیاد کردووە بۆ مانەوەیان لە بازاڕی کارکردن دا.

سەبارەت بە دۆخی کۆچبەری، ئەندامانی کۆمەڵگەی میواندار زۆرترین گەشبینیان هەبووە سەبارەت بە ئاسۆی کارەکانیان، لەگەڵ ٥٠٪ی ئەم توێژە پێیانوابوو دەتوانن بۆ ماوەی ١٥-٣٠ ساڵی دیکە لە بازاڕدا بمێننەوە. گەڕاوەکان لەمڕووەوە نزمترین ئاستی هیوایان هەبووە، چونکە لەسەدا ٥٠ی وەڵامەکانیان لە نێوان چوار بۆ پێنج ساڵی دیکەدا بووە. هەرچەندە گروپێکی بچووکی ئاوارەبووەکان وەڵامی ئەم پرسیارەیان دایەوە (٩ لە قۆناغی ناوەڕاست و ١٨ لە قۆناغی کۆتایی)، بەڵام هیواکانیان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد (بەرزترین ٢٥٪ وەڵامی ٢٠-٢٢ ساڵ لە کاتی ناوەڕاست و ٢٥-٥٠ ساڵ لە کاتی کۆتایی دایەوە). جگە لەوەش، سەرەڕای نەبوونی هیچ گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە ڕووی ئامارییەوە لە ڕێژەی سەدی ئەو کار و بزنسانەی کە داهاتی پێویستیان بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی خێزان بەدەستدەهێنن، ڕێژەکە بە تێکڕا لەسەدا ٨٥ بە درێژایی قۆناغەکانی ناوەڕاست و کۆتایی هەر بەرز ماوەتەوە. هیواکانی خاوەنکارەکان دەرخەرێکی بەرچاوە بۆ ئاستی ژیان و خۆشگوزەرانییان، و هاوکاریە مادییەکانی کار و بزنسەکانیان دەتوانێت ئەم چاوەڕوانییانە بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر بکەن و لە ئەنجامدا ئاستی وەبەرهێنان زیاد بکەن (Orkin et al.، ٢٠٢٣).


شێوەی ١٩: پێشبینیکردنی ساڵانی مانەوە و بەردەوامبوونیان لە بازاڕ




تێبینی: بە کۆی گشتی ٢٢١ خاوەنکار وەڵامی ئەم پرسیارەیان لە قۆناغی ناوەڕاست و ٤٨٧ یشیان لە قۆناغی کۆتایی داوە. ئەم گروپە هیچ بڕی پێویست خاوەنکاری ئاوارەی تێدانەبوو بۆ ئەوەی شیکاری بۆ گروپی خاوەنکاری ئاوارە ئەنجامبدرێت. بۆکسەکان ئەو بەهایانە نیشاندەدەن کە لەسەدا ٥٠ی داتاکان تێیدا کۆدەکرێنەوە. هێڵی دابەشبوونی ناو بۆکسەکە بەهای ناوەندی دابەشکردنەکە نیشاندەدات. هێڵی دابەشبوونی خوارەوەی سندوقەکە لەسەدا ٢٥ی خوارەوەی دابەشکردنەکە نیشاندەدات، هێڵی دابەشبوونی سەرەوەش لەسەدا ٢٥ی سەرەوەی نیشاندەدات. ئەم گرافیکە شیکارییە شتە دەرەکییەکان لە خۆناگرێت. هەر خاوەن کار و بزنس و کۆمپانیایەکی بچووک و مامناوەند کە قازانجەکەی لە سەرووی ئەو بەهایە بێت کە لەسەدا ٧٥ی دابەشکردنەکە تێیدا وەستاوە، ١.٥ یەکجار و نیو زیاترە لە مەودای نێوان سەدا ٧٥ و سەدا ٢٥ کەدا، یان لە خوار ئەو بەهایەی کە لەسەدا ٢٥ی دابەشکردنەکە وەستاوە، کەمکردنەوەی هەمان مەودا، وەکو لایەنێکی دەرکی ڕەچاوکراوە.

هەروەها پرسیار لە خاوەنکارەکان کرا سەبارەت بە بەربەستەکانی بەردەم گەشەپێدانی کارەکانیان، زۆربەیان ئاماژەیان بەوە کرد کە ڕووبەڕووی هیچ بەربەستێک نەبوونەوە لە گەشەکردن (٧٨٪ بە تێکڕا) (شێوەی ٢٠). ئەوەی جێگای سەرنجە، زیاتر خاوەنکارانی ژن لە کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان باسی ئەوەیانکرد کە بەربەستیان لەبەردەم گەشەکردندا هەیە ١٢ مانگ دوای قۆناغی سەرەتا، ئەم ڕێژەیە لە چاوپێکەوتنی خاوەنکارە پیاوەکان کەمتر بوو. ئەم دەرئەنجامەش ئەوە نیشاندەدات کە ئەو کارانەی کە لەلایەن ژنانەوە بەڕێوەدەبرێن لەگەڵ فراوانبوونیان ڕووبەڕووی بەربەستی زیاتر دەبنەوە لەڕووی گەشەپێدانەوە. ئەم ڕێژەیە تەنیا بۆ ئەندامانی کۆمەڵگەی میواندار زیاد بوو کاتێک فۆکەس خرایە سەر گروپەکانی ئاوارەبوون (لە ٢٣٪ لە قۆناغی سەرەتا بۆ ٢٧٪ لە قۆناغی کۆتایی) (شێوەی ١٩، پانێڵی B).

شێوەی ٢٠: ئەو خاوەنکار و خاوەن بزنسانەی کە ڕووبەڕیووی بەربەستی گەورە دەبنەوە لە گەشەسەندن دا



تێبینی: ٨٤٩ وەڵام بۆ ئەم پرسیارە هەبوو لە قۆناغی سەرەتادا، ٦٧٠ لە قۆناغی ناوەڕاست و ٣٥٥ لە قۆناغی کۆتاییدا هەبووە. گروپەکە بەپێی پێویستی وەڵامی خاوەنکارە ئاوارەکانی لەخۆنەگرت تاکو بتوانرێت شیکردنەوەی بۆ بکرێت.

### دەرئەنجامە پێگەیشتووەکان

- لە هەردوو چاوپێکەوتنی قۆناغی ناوەڕاست و کۆتاییدا، زیاتر لە سەدا ٦٠ی خاوەنکاران پێیانوابوو کە دەتوانن کارەکانیان، لانیکەم، بۆ ماوەی ١٠ ساڵی دیکە بەردوام بێت.
- خاوەنکارە پیاوەکان هیوایەکی درێژخایەنتریان لەم ڕووەوە نیشاندا، و ئەندامانی کۆمەڵگەی میواندار بەگشتی گەشبینی زیاتریان لە چاو گەڕاوەکان و ئاوارەکان هەبوو.


## گەشەپێدانی کار و بزنس

وەبەرهێنان لە شتە نابەرجەستەکان دا بەشێکی دانەبڕاوە لە گەشەی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان. توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە کە وەبەرهێنان لە ڕیکلام یان توێژینەوە و پەرەپێدان (R&D) دەکەن، باشتر کاردەکەن (Chiao et al.، ٢٠٠٦؛ Esteve-Pérez and Rodríguez، ٢٠١٣). ئەم بەرەوپێشچوونانە دەتوانن ڕێگە بۆ گەشەی فرۆشتن و دەستڕاگەیشتن بە سەرمایەی دارایی بکەنەوە (Kumar، ٢٠١٧). بۆیە پرۆسەی چاودێریکردنی کار و بزنسە سوودمەندبووەکانی پرۆگرامی سندوقی EDF بەدواداچوونی وردی وەبەرهێنان لە شتە نابەرجەستەکانی وەک ڕیکلام، پەرەپێدانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری لەخۆدەگرێت.

لە نموونەکەدا، زۆربەی کار و بزنسەکان ڕیکلام بەکارناهێنن (٥٧٪)، ڕێژەیەکە کە بە نزیکەیی بەردەوام وەک خۆی و بەهەمان ئاست دەمێنێتەوە بە درێژایی سێ گەڕی چاوپێکەوتنەکان. لە تەواوی خاوەنکارەکاندا، تا ئێستاش سۆشیال میدیا باوترین کەناڵ بوو کە لە ڕێگەیەوە ڕێکلامەکان ئەنجامدەدراون، بە ڕێژەی ٩٥٪ی سەرەنجدانەکان لە هەر سێ گەڕی چاوپێکەوتنەکەدا.

زۆربەی کار و بزنسەکان لە قۆناغی سەرەتاوە هیچ بەرهەمێکیان پەرەپێنەدابوو یان باشتریان نەکردبوو. کاتێک لە قۆناغی ناوەڕاست و کۆتاییدا پرسیارایان لێکرا، خاوەنکارەکان گوتیان کە کار و بزنس و کۆمپانیاکانیان بەرهەمەکانیان بە ڕێژەیەکی بەرچاو پەرەپێداوە (٨٥٪ لە قۆناغی ناوەڕاست و ٦٧٪ لە قۆناغی کۆتایی) (شێوەی ٢١). لە قۆناغی سەرەتاوە، ژمارەیەکی زیاتری لە خاوەنکارە ژنەکان هیچ بەرهەمێکیان پەرەپێنەداوە یان باشتریان نەکردووە (٦٦٪) بە بەراورد بە خاوەنکارە پیاوەکان (٥٢٪). بەڵام دوای شەش و دوای ١٢ مانگ لەم گەڕە، هەردوو ڕەگەزەکە بەرەو ئاستێکی هاوشێوە چوون. ئەمەش جارێکی دیکە ئەوە نیشاندەدات کە ئەو کار و بزنسانەی کە لەلایەن ژنانەوە خاوەندارێتی دەکرێن، زیاتر لە دۆخێکی خراپتردان لە چاو ئەو کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندانەی کە لەلایەن پیاوانە خاوەندارێتی دەکرێن کاتێک هاوکارییە مادديەکانی پرۆگرامی سندوقی EDF وەردەگرن و ئەمەش دەتوانێت یارمەتیدەریان بێت لە کەمکردنەوەی هەندێک لەو بۆشاییانەی کە هەیانە. بە هەمان شێوە، لە کاتی جیاکردنەوەی ئەنجامەکان بەپێی مێژووی ئاوارەبوون، ئاوارەکان زۆرترین زیادبوونی بەرچاویان لە ڕێژەی پەرەپێدانی بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکی نوێدا هەبوو، لە سەدا ١٩ لە قۆناغی سەرەتاوە بۆ لە سەدا ٨٤ دوای شەش مانگ و بەرزترین بەها لە نێوان گروپەکانی کۆچکردندا دوای ١٢ مانگ هەر (٧٥٪) بوو. بەڵام تەواوی نمونەی خاوەنکارەکان وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەدایەوە، بەمەش ژمارەی ئاوارە وەڵادەرەوەکان کەمبوو (٣١ لە قۆناغی بنەڕەتی، ١٩ لە قۆناغی ناوەڕاست و چوار لە قۆناغی کۆتایی).

شێوەی ٢١: ئەو کار و بزنسانەی کە بەرهەمێک یان خزمەتگوزاریەکی نوێیان پەرەپێدا یان باشتریان کرد لە ماوەی ٦ مانگی ڕابردوو.




تێبینی: ٨٦١ وەڵامدەرەوە وەڵامی ئەم پرسیاریان داوەتەوە لە قۆناغی سەرەتا، ٨٩١ لە قۆناغی ناوەڕاست و، ٨٦٠ لە قۆناغی کۆتایی. گروپەکە بەپێی پێویست وەڵامی ئاوارەکان لەخۆناگرێت تاکو بتوانرێت شیکاری بۆ بکرێت.

أخاوەنکارەکان بەزۆری گوتیان کە ڕاهێنەری بازرگانییان نییە لە سەرجەم گەڕەکانی چاوپێکەوتنەکاندا (تێکڕا ٩٠٪). سەرەڕای ئەوەش، زۆربەی ئەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا، گوتیان کە لە ساڵی پێشوودا هیچ خزمەتگوزاریەکی ڕاوێژکارییان بۆ کار و چالاکییە بازرگانییەکانیان بەکارنەهێناوە (بە تێکڕا ٩٧٪).

## دەرئەنجامە پێگەیشتووەکان

- بەشێکی بەرچاو لە کار و بزنسەکانی ناو نمونەکە بەشدارییان لە ڕیکلامدا نەکردووە، سۆشیال میدیا کەناڵی سەرەکی بەکارهێنراو بووە.
- پێشکەوتنی بەرچاو لە پەرەپێدانی بەرهەمەکاندا هەبوو، لەگەڵ زیادبوونی بەرچاو لە پەرەپێدان یان باشترکردنی بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییەکان.
- ئاوارەکان زۆرترین دەستکەوتیان لە داهێنانی بەرهەمدا هەبووە. هەروەها خاوەنکارە ژنەکان کە سەرەتا لە هاوتا پیاوەکانیان لە پەرەپێدانی بەرهەمدا لە ئاستێکی نزمتر بوون، بەرەوپێشچوونیان بەخۆیانەوە بینی.

## کۆتایی

ئەم دەرئەنجامانەی کە لەم ڕاپۆرتەدا خراوەتەڕوو بەڵگەی ئەو ڕۆڵە سەرەکییە نیشاندەدەن کە پرۆگرامی سندوقی EDF لە پێشخستنی بوژانەوەی ئابوری و خۆڕاگری لە ناوچە زیانلێکەوتووەکانی عێراق لە ڕێگەی پاڵپشتیکردن لە بوژانەوەی کار و بازرگانی و ڕەخساندنی هەلی کار هەیبووە. پرۆگرامی سندوقی EDF توانیویەتی وابکات کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان لە ڕێگەی یارمەتی دارایی ئامانجدار و میکانیزمی پاڵپشتیکردنی گشتگیرەوە بەربەستە گەورەکان تێپەڕێنن، کە بووەتە هۆی زیادبوونی بەفەرمیکردن، باشترکردنی ئەنجامدانی کاری بازرگانی و ڕەخساندنی ژمارەیەکی زۆری هەلی کار. ئەم هەوڵانەش هاوتەریبە لەگەڵ ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی کارکردنی پرۆگرامی سندوقی EDF، کە تیشک دەخاتە سەر بەهێزکردن و باشترکردنی بوژانەوەی ئابوری خۆجێی و خۆڕاگری لەڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی هاووڵاتیانی عێراقی. لە ڕێگەی ڕەخساندنی هەلی کارەوە، ئەو کار و بزنسانەی کە لەلایەن پرۆگرامی سندوقی EDF -ەوە پاڵپشتیدەکرێن دەتوانن ڕۆڵبگێڕن لە یەکخستنەوەی ئابوری ئاوارەکان و گەڕاوەکان، و هەوڵی فراوانتر بەرەو سەقامگیرکردنی کۆمەڵگە و بنیاتنانی ئاشتی دەدەن. بەردەوامی پاڵپشتییەکان و خۆ گونجاندنی پرۆگرامی سندوقی بابەتگەلێکی سەرەکین بۆ بەردەوامیدان و پێشخستنی زیاتری ئەم دەستکەوتانە، هەروەها زامنکردنی بوژانەوەی بەردەوام و پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان هاوکارییە مرۆیی و هاوکارییەکانی گەشەپێدانەکان لە عێراقی دوای شەڕ وململانێ، زۆر گرنگ دەبێت.

## پوختەی دەرئەنجامەکان

<table>
<tr><th></th><th>بەراوردکردنی قۆناغی سەرتا بە قۆناغی ناوەڕاست</th><th>بەراوردکردنی قۆناغی سەرەتا بە قۆناغی کۆتایی</th><th>بۆشایی ڕەگەزی</th><th>بۆشایی ئاوارەبوون زۆرملێ و ناچاری</th></tr>
<tr><td>بەفەرمیکردن</td><td rowspan="4">بەرەوپێشچوونی گەورە</td><td rowspan="4">بەرەوپێشچوونی گەورە</td><td>کەمبۆوە</td><td rowspan="2">کەمبۆوە</td></tr>
<tr><td>قازانج</td><td>جێگیر</td></tr>
<tr><td>قەرز و دەستگەیشتن بە سەرمایە</td><td>کەمبۆوە</td><td>جێگیر</td></tr>
<tr><td>ڕەخساندنی هەلی کار</td><td>زیاتربوون لەنێو ژنان</td><td>کەمبۆوە</td></tr>
<tr><td>مووچە</td><td>جێگیر</td><td>جێگیر</td><td rowspan="2">کەمبۆوە</td><td>جێگیر</td></tr>
<tr><td>خستنە سەرکار و دامەزراندن لەڕێگەی تۆڕەکانی کار و بزنسەوە</td><td rowspan="4">بەرەوپێشچوونی گەورە</td><td>بەرەوپێشچوونی کەم</td><td>کەمبۆوە</td></tr>
<tr><td>هەبوونی گرێبەستی بەنووسراو کارکردن لەگەڵ کارمەند</td><td>بەرەوپێشچوونی گەورە</td><td>زیاتربوون لە بەرژەوەندی ژنان</td><td>جێگیر</td></tr>
<tr><td>ئاسۆی داهاتوو</td><td>جێگیر</td><td rowspan="2">کەمبۆوە</td><td rowspan="2">کەمبۆوە</td></tr>
<tr><td>گەشەپێدانی کار و بزنس</td><td>بەرەوپێشچوونی گەورە</td></tr>
</table>

تێبینی: گۆڕان لەڕێژەی لەسەدی هەر نیشاندەرێک بە درێژایی گەڕەکانی ڕاپرسییەکە بۆ دیاریکردنی ئەنجامە گشتییەکان بەکارهێنرا. لە ٠ بۆ ١ خاڵ لە نیشاندەری دووانەییدا وەک سەقامگیری لێکدرایەوە، لە ١ بۆ ١٠ خاڵ وەک زیادبوونێکی کەم لێکدرایەوە، و لەسەرووی ١٠ خاڵ وەک زیادبوونی بەرچاو لێکدرایەوە. ڕێژەکانی پاشەکشە لە ڕێگەی گرنگییەکانیانەوە لێکدرانەوە، کە ڕێژەیەکی نابەرچاو و کەم پەیوەست بە هەر گەڕێکی ڕاپرسی وەک سەقامگیری لێکدرایەوە. گۆڕاوە ژمارەییەکان کە لە ڕێگەی پاشەکشەیەوە شیەنکراونەتەوە لە ڕێگەی گۆڕانکاری لەسەدا لە مەودای دابەشکردنەکانیاندا هەڵسەنگێندراون. جیاوازی جێندەری لە نێوان خاوەنکارەکانی ژن و پیاودا هەیە لە پێوەرە

بەکارهێنراوەکان دا. ئەگەر جیاوازی نێوان گەرەکانی ڕاپرسی کەم بکرێتەوە، ئەوا بۆشاییەکە کەم دەبێتەوە. بۆشایی کۆچبەری وەک جیاوازی لە نیشاندەرەکانی بەکارهێنراو لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەی میواندار و تێکرای نێوان ئاوارەبووەکان و گەڕاوەکان لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

# ڕاسپاردەکان

١. **بەردەوامبوون لە پاڵپشتیکردنی ڕەخساندنی هەلی کار- خستنەسەرکار لەو ناوچانەی کە لە شەڕ و ململانێکان بوژاونەتەوە یان بەهۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا زیانیان بەرکەوتووە:** بەردەوامبوون لە پاڵپشتیکردنی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان لەڕێگەی هاوکارییە مادییە مەرجدارەکانی پەرەپێدانی کار و بزنس کە دەتوانن یارمەتیدەربن لە چارەسەرکردنی ڕێژەی بەرزی بێکاری لە عێراق، پاڵپشتیکردنی بوژانەوەی بەردەوام لە ناوچە زیانلێکەوتووەکانی شەڕ و ململانێ و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر بژێوی گوندنشینەکان. هاوکاریکردنی مادی کار و بزنسەکان بەردەوامن لە گێڕانی ڕۆڵێکی گرنگ لە درێژەدان بە بوژانەوەی عێراق بە لەبەرچاوگرتنی بەربەستە گەورەکانی دەستڕاگەیشتن بە قەرز، کە زۆربەی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەمەش تەواوکەری هەوڵەکانی گەشەپێدانی درێژخایەنترە بۆ باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە بە سەرمایە دارایی تایبەت.

٢. **باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی دارایی تایبەت بۆ گەشەپێدانی درێژخایەنی کار و بزنس:** سەرەڕای باشتربوونی بەرچاو لە خواست لەسەر خزمەتگوزارییەکانی دامەزراوەی دارایی بچووک لە قۆناغی ناوەڕاستدا، زیادبوونەکە لە قۆناغی کۆتاییدا بەردەوام نەبوو و دەستڕاگەیشتن بە قەرزی بانکی لەنێو کار وبزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکاندا لە ئاستێکی زۆر نزم دایە. سنووردارbوونی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی دارایی تایبەت سنوورداركردنێکی چارەنووسسازە کە ڕێگری لە فراوانبوون و گەشەکردنی بەردەوامی کار و بزنس دەکات. بۆ بەردەوامبوون و زیاتر بەرزکردنەوەی گەشەپێدانی درێژخایەنی کار و بزنس، چارەسەرکردنی بەربەستەکانی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی دارایی تایبەت بۆ کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان گرنگە. لەڕووی خواست لەسەر بوونەوە، ئەم هەوڵانە دەتوانن چارەسەری ئامادەیی کار و بزنس و کۆمپانیاکان بۆ وەبەرهێنان بکەن بە پاڵپشتیکردن لە پەسەندکردنی باشترکردنی شێوازەکانی ژمێریاری، بە فەرمیکردنی کار و بزنس و ڕۆشنبیری دارایی. لەڕووی دابینکردنەوە، پێویستە هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ چارەسەرکردنی پێداویستییەکانی کەفالەتکردنە قورسەکان، پرۆسەی داواکردنی قەرز و ڕێژەی سووی بەرز کە توانای کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان بۆ دەستڕاگەیشتن بە قەرز سنووردار دەکات.

٣. **چارەسەرکردنی کوالیتی دامەزراندن و خستنە سەرکار و گشتگیربوون:** دامەزراندن و خستنەسەرکار پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، بەڵام خاوەنکارە ژنەکان بە ڕێژەیەکی کەمتر لە پیاوان گەیشتنە ئامانجەکانی دامەزراندن. ئەم جیاوازییە کاریگەری گەورەی لەسەر گشتگیری بازاڕی کار هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ژنانی خاوەنکار ئەگەری زۆر زیاتریان هەیە ژنانی دیکە بخەنە سەرکار و دیان بمەزرێنن. هەروەها زۆرێک لە خاوەنکار و خاوەن بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان بەردەوامن لە پشتبەستن بە تۆڕ و پەیوەندییەکانی هاوڕێیەتی و خێزان لە کاتی دامەزراندنی کارمەندی نوێ، ئەمەش بەشداریکردنی گروپ و توێژە پەراوێزخراوەکان کەمدەکاتەوە. ئەنجامەکان لەسەر بارودۆخی کارکردن دەریدەخەن کە یەک لەسەر سێی خاوەنکارە پیاوەکان بەردەوامن لە بەکارنەهێنانی گرێبەستی فەرمی کارکردنی کارمەندەکانیان لە قۆناغی کۆتاییدا. هەرچەندە ئەم نیشاندەرانە پێشکەوتنی بەرچاو نیشان دەدەن دوای وەرگرتنی هاوکاری ماددی پرۆگرامی سندوقی EDF، بەڵام شیکارییەکە پێشنیازی ئەوە دەکات کە کوالیتی و گشتگیری ئەم کارە ڕەخساوانە بە شێوەیەکی یەکسان دابەش نەکراوە. بۆیە پێویستە بەشداریکردنی ژنان لە تۆڕو پەیوەندی بازرگانیدا زیاتر بەرز بکرێتەوە، و هانی دامەزراندنی فەرمی و گشتگیر لەلایەن خاوەنکارە پیاوەکانەوە بدرێت. هەروەها توێژینەوەی زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی ڕۆشنایی بخاتە سەر جیاوازییەکانی شێوازی دامەزراندنی کارمەند لەلایەن ژنان و پیاوانەوە.

٤. **بەرزکردنەوەی گەشەپێدان و خۆگونجاندنی کار و بزنس:** هەوڵەکانی پەرەپێدانی کار و بزنس لە ماوەی شەش مانگی یەکەمدا باشتربوونی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە، بەڵام لە قۆناغی کۆتاییدا هێواش بووەتەوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەبوونی ئاستەنگ لە بەردەوامبوونی داهێنان و گەشەکردن لە درێژخایەندا. بۆ چارەسەرکردنی ئەم زەحمەتی و ئاڵنگاریانە، پێویستە لایەنەکانی بوژانەوە و گەشەپێدان پاڵپشتی بەردەوامی پەرەپێدانی کار و بزنس بکەن و ئامرازی تازەیان هەبێت، لەوانەش دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیای نوێ، ستراتیژییەتەکانی فراوانکردنی بازاڕ و هاندان بۆ تازەگەری بەردەوام. پێشکەشکردنی زانیاری لەسەر ڕەوتی بازاڕ و خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکان کە چارەسەرکردنی بەربەستەکانی زانیاری و پێشخستنی خۆگونجاندنی کار و بزنس دەتوانێت کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان بەو لێهاتووییانەی کە لە ژینگەیەکی ئابوری جوڵاو دا گەشە بکەن، تەیار بکات.

٥. **بەرزکردنەوەی ئاستی دەستڕاگەیشتن و ئاسانکردنی پرۆسەکانی بە فەرمیکردن:** باشترکردن و زیاترکردنی هاوکاری لە نێوان دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت و ڕێکخراوەکانی کەرتی بازرگانی بۆ ڕێکخستنی پرۆسەکانی تۆمارکردنی کار و بزنس بۆ ئەوەی زیاتر توانای دەستڕاگەیشتنیان هەبێت و بۆ کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان کەمتر قورس بێت. ئاسانکاریکردن لەم پرۆسانە دەتوانێت هانی زیاتری کار و بزنسەکان بدات بۆ بە فەرمیکردن، بە بەکارهێنانی ئەو مەرجەی بەفەرمیکردن وەک هەنگاوێک، نەک بەربەستێک. دەکرێت ئەمەش بریتی بێت لە کەمکردنەوەی بەربەستە بیرۆکراتییەکان، دانانی چارەسەری دیجیتاڵی/ئەلکترۆنی بۆ تۆمارکردن و پێشکەشکردنی ڕێنمایی ڕوون لە تەواوی پرۆسەکە. پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان دڵنیابن لەوەی کە هەموو خاوەنکارەکان دەستیان بە پرۆسەکانی بە فەرمیکردن دەگات، لەوانەش ژنان، ئاوارەکان و گەڕاوەکان، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، و ئەوانەی کە ئاستی خوێندەواریان سنووردارە

یان تواناى دەستڕاگەیشتن بە کارى دیجیتاڵى وئەلکترۆنیان نییە.

٦. **پاڵپشتیکردنی ئامانجدار بۆ خاوەنکارە ژنەکان:** دانان و هەبوونی چەند کار و چالاکی و دەستپێشخەرییەکی تایبەت لەناو پرۆگرامی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان - EDF کە باس لە ئاستەنگە جیاواز و تایبەتەکانی خاوەنکارە ژنەکان دەکەن، لەسەر بنەمای ئەو دەستکەوتانەی کە بەدیهاتوون و گونجاندنی ئەو پرۆگرامی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی خانمان - EDF-Women -ی کە لە ئێستادا هەیە. دەکرێت ئەمانە بریتی بن لە پێدانی خول و ڕاهێنان، بەرهەمی دارایی تایبەتمەند و دەرفەتی دروستکردنی پەیوەندی بۆ تێپەڕاندنی بەربەستە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان. هەروەها پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ ڕۆشنبیرکردن و بەشدارپێکردنی ئەندامانی خێزان، زیادکردنی پاڵپشتی بۆ ژنە خاوەنکارەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و خێزان. لەسەر ئاستی نیشتمانی، پێویستە هەوڵەکانی سیاسەتی کارکردن و داکۆکیکردن فۆکەس بخاتە سەر بەرەوپێشبردنی ژینگەیەکی پاڵپشتیکەر و گشتگیر بۆ ژنان لە بواری کار و بازرگانیدا.

٧. **پاڵپشتیکردنی ئامانجدار بۆ ئەو خاوەنکارانەی کە بەهۆی ئاوارەبوونی زۆرەملێیەوە زیانیان بەرکەوتووە:** سەرەڕای پێشکەوتن بەدرێژایی زۆرێک لە ڕەهەندەکانی بازرگانی، ئەو خاوەنکارانەی کە لە ناوخۆدا ئاوارە بوون یان لە ئاوارەبوون دەگەڕێنەوە، ئەگەری ئەوە کەمترە لە چاو ئەو خاوەنکارانەی کە ئاوارە نەبوون، بەشێوەیەکی ئەرێنی باسی ئاسۆی داهاتووی کار و بزنسەکەیان بکەن. پێویستە دەستپێشخەرییە ئامانجدارەکان زیاتر بکرێن بۆ چارەسەرکردنی پێداویستییە تایبەتەکانی ئەو خاوانکارانەی کە ئاوارەبوون یان لە ئاوارەیی دەگەڕێنەوە، لەسەر بنەمای گونجانی ئەو سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی تەعمیر و نۆژەنکردنەوە- EDF-Tameer -ی کە ئێستا هەیە. دەکرێت ئەو کار و دەستپێشخەریانەش بریتین لە دەرفەتی دروستکردنی تۆڕی پەیوەندی بۆ خاوەنکارە ئاوارەبووەکان، دابینکردنی پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی، و دانانی مەرجی کەمتر لە پێدانی هاوکارییەکە مادییەکە، بۆ ئەوەی بتوانن دووبارە کار و بزنسەکانیان بنیاتبنێنەوە کە لە ئەنجامی شەڕ و ململانێکانەوە زیانیان بەرکەوتووە. لەسەر ئاستی نیشتمانی، پێویەستە هەوڵەکانی سیاسەتی کارکردن و داکۆکیکردن بۆ دڵنیابوونەوە بێت لەوەی کە هەوڵەکانی گەشەپێدان گشتگیرن و چارەسەری ئەو بۆشاییە ئابورییە بەردەوامانەی کە بەهۆی ئاوارەبوون و مێژووی ئاوارەبوونەوە دروست بوونە.


٨. **هاندانی بەشداریکردنی کەرتی تایبەت:** لەگەڵ پێشکەوتنی بوژانەوەی عێراق، دۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی بەردەوام زۆر گرنگە بۆ دابینکردنی سەرمایەی پێویست بۆ پەرەپێدانی کار و بزنس و بازرگانی. هاندانی دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ حکومەت، سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ پاڵپشتیکردنی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان، بەتایبەتی لە ناوچە زیانلێکەوتووەکانی شەڕ و ململانێ، زۆر گرنگە بۆ بەدەستهێنانی بوژانەوەیەکی بەردەوام و خۆڕاگر. دەکرێت کار و دەستپێشخەرییە گونجاوەکان بریتیین لە هاوتاکردن و گونجاندنی پێدانی هاوکاری مادی، وەبەرهێنانی هاوبەش، یان دروستکردنی چوارچێوەیەکی کار بۆ ئەو کار و بزنسانە کە لەلایەن کۆمپانیا تایبەتەکانەوە پارەیان بۆ دابیندەکرێت و گرنگی بەو کەرتانە دەدەن کە توانای بەرزی گەشەکردن و خستنەسەرکاریان هەیە. ئەم جۆرە هاوبەشییانە دەتوانن پاڵپشتی دارایی و شارەزایی و پسپۆڕیەتی پێشکەش بکەن، بەم شێوەیەش ئاستی بوژانەوە و گەشەپێدانی بەردەوام بەرز بکەنەوە و زیاتر بکەن.

٩. **تێگەیشتن لە هوکار و پاڵنەر و بزوێنەرەکانی درووستکردنی هەلی کار لە نێوان وەرگرانی پرۆگرامی سندوقی EDF:** پێویستە توێژینەوەی زیاتر بکرێت بۆ تێگەیشتن لەو هۆکارانەی کە ئەدای وەرگرانی پرۆگرامی سندوقی EDF بەرەو ئامانجەکانیان بۆ درووستکردنی کار لە قاڵب دەدەن و بەرتەسک دەکەنەوە. لە کاتێکدا زۆربەی کار و بزنس و کۆمپانیاکان مەرجەکانی پلانی بازرگانی ڕێککەتن لەسەر کراویان جێبەجێدەکەن، پشکێکی بەرچاو لە گەیشتن بە ئامانجەکە کەمترە. ژمارەی کەمتر لە چاوەڕوانکراو لە هەلی کار کە لەلایەن ئەم کۆمپانیا و کار بزنسانەوە دەرەخسێندرێت، ڕەنگە بەشێکی وەڵامەکە بریتیبێت لە دۆخی گەشەسەندنی ئەو کۆمپانیا و کار و بزنسانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بە بوونی بەربەستی نادارایی دەکات کە ڕێگری لە فراوانبوون و سەرکەوتووبوونی کار و بزنسەکە دەکات. پێویستە توێژینەوەی زیاتر لەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابووریانە بکرێت کە پێشبینی ئەدای کار و بزنسەکە دەکەن و دەبیستنەوە بەو ئامانجانەی کە لە پلانی کارەکەدا لە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، ئەمەش بە مەبەستی ئاگاداربوون لە پێوەرەکانی گەیشتن بە ئامانجی پارەپێدانەکە و ئاگاداربوونی پرۆگرامە تەواوکەرییەکانی دواتر.

١٠. **هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکان لە تەواوی ڕەهەندە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان:** لە کاتێکدا ئەو دەرئەنجامانەی کە لەم ڕاپۆرتەدا خراوەتەڕوو لەگەڵ کاریگەری ئەرێنی هاوکاری مادی پرۆگرامی سندوقی EDF لە سەرتاسەری چەندان ڕەهەندی بازرگانیدا یەکدەگرنەوە، جەخت و فۆکەسی توێژینەوەکە لەسەر ئەو کار بزنسانەیە کە ئەو هاوکارییە مادییەیان وەرگرتووە، ئەمەش بەو مانایەیە کە ناتوانرێت کاریگەرییەکانی پرۆگرامەکە لە لایەنگری هەڵبژاردنیان جیا بکرێتەوە، یان بە مانای ئەوەی ئەو کار و بزنسانەی کە بە ئامانج گیراون زیاتر سەرکەوتوون. پێویستە هەڵسەنگاندنی کاریگەری بەهێز بە شێوەیەکی ئەزموونی ئەنجامبدرێت بۆ خەمڵاندنی کاریگەرییەکانی هاوکاری مادی پرۆگرامی سندوقی EDF لەسەر کار و بزنسەکان و کاریگەرییە ئابوری و کۆمەڵایەتییە فراوانەکانی لەسەر کارمەندان، زنجیرەکانی دابینکردن و کۆمەڵگە بە ئامانجگیراوەکان. بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەم پێشنیازە، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ دوو تاقیکردنەوەی کۆنترۆڵکراوی هەڕەمەکی ئەنجامدا بە هاوکاری لەگەڵ زانکۆی ئیمۆری و زانکۆی کالیفۆرنیا – سانتا باربارا، کە گرنگی بە کاریگەرییەکانی هاوکاری مادی پرۆگرامی سندوقی EDF لەسەر کۆمەڵگە و هاوکاری بژێوی ژیان پەیداکردنی تاک کە لەگەڵ زانکۆی ئۆکسفۆرد و زانکۆی ئیمپریال، توێژینەوە لەکاریگەری هاوکاری مادی پرۆگرامی سندوقی EDF و خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکان لەسەر ئامادەیی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان بۆ وەبەرهێنان.


# پاشکۆ

شێوەی أ: ئەو خاوەنکارانەی کە باوەڕیان وایە پڕۆگرامی سندوقی EDF یارمەتی داون بەپێی ڕەگەز




تێبینی: هەر گەڕێک لە هەزار و ٦٢٨ کار و بزنس پێکدێت. بەو پێیەی ئەم پرسیارە باس لە کاریگەرییەکانی پڕۆگرامی سندوقی EDF دەکات، لە چاوپێکەوتنی بنەڕەتیدا نەخراوەتەڕوو. بژاردەکانی "زۆر هاوڕام" و "زۆر ناهاوڕام" خرانە سەر "هاوڕام" و "ناوهاوڕام".

شێوەی ب: سیستەمی پاراستنی تۆمارەکانی کار و بزنس




تێبینی: ئەم گەڕە ١٦٢٨ خاوەنکاری لەخۆ گرتبوو. گرووپەکە لە ٣١٠ خاوەنکاری ژن و ١٣١٨ خاوەنکاری پیاو پێکهاتبوو.

## خشتەی ج. پابەندبوون بە ڕەخساندنی هەلی کار

پانێڵی أ: دامەزراندن و خستنە سەرکاری کارمەندی تازە لە لە قۆناغەکانی ناوەڕاست و کۆتایی لەگەڵ ئەو ژمارە کارمەندەی کە لە پابەندییەکە کەمتریان خستۆتە سەرکار

| خستنەسەرکار و دامەزراندنی کرێکار و کارمەندی تازە لە قۆناغی ناوەڕاست و قۆناغی کۆتایی) لەگەڵ ئەو ژمارە کارمەندەی کە کەمتر لە پابەندییەکە خراونەتە سەرکار لە دوای بەشداریکردنیان لە پرۆگرامی سندوقی EDF | ڕادە | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە -٥ | ١٦٨ | ٪١٠ | ٪١٠ |
| -٥ | ٧٤ | ٪٥ | ٪١٥ |
| -٤ | ٨٤ | ٪٥ | ٪٢٠ |
| -٣ | ١٠١ | ٪٦ | ٪٢٦ |
| -٢ | ١٥٤ | ٪١٠ | ٪٣٦ |
| -١ | ٢٤٨ | ٪١٥ | ٪٥١ |
| ٠ | ٥٢٦ | ٪٣٣ | ٪٨٤ |
| +١ | ١١٥ | ٪٧ | ٪٩١ |
| +٢ | ٦١ | ٪٤ | ٪٩٥ |
| +٣ | ٢٦ | ٪٢ | ٪٩٦ |
| +٤ | ١٩ | ٪١ | ٪٩٧ |
| +٥ | ١١ | ٪١ | ٪٩٨ |
| زیاتر لە +٥ | ٣٠ | ٪٢ | ٪١٠٠ |

پانێڵی ب: بڕی سافی دامەزراندن و خستنەسەرکار لە قۆناغی کۆتایی لەگەڵ ئەو ژمارەی کە کەمتر لە پابەندییەکەیان خستۆتە سەرەکار

| (کارمەندان لە قۆناغی کۆتایی، کارمەندان لە پێش دەستپێکردنی بەشداریکردنیان لە پرۆگرامی سندوقی EDF) ژمارەی ئەو کارمەندانەی کە بڕیاربوو بیخەنە سەر کار لە دوای بەشداریکردنیان لە پرۆگرامی سندوقی EDF | ڕادە | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە -٥ | ٨٩ | ٪٦ | ٪٦ |
| -٥ | ٤٩ | ٪٣ | ٪٩ |
| -٤ | ٨٢ | ٪٥ | ٪١٤ |
| -٣ | ٩٨ | ٪٦ | ٪٢٠ |
| -٢ | ١٦٠ | ٪١٠ | ٪٣٠ |
| -١ | ١٦٩ | ٪١١ | ٪٤٠ |
| ٠ | ٥٣٠ | ٪٣٣ | ٪٧٤ |
| +١ | ١٤٩ | ٪٩ | ٪٨٣ |
| +٢ | ٩٣ | ٪٦ | ٪٨٩ |
| +٣ | ٥٩ | ٪٤ | ٪٩٢ |
| +٤ | ٣٠ | ٪٢ | ٪٩٤ |
| +٥ | ٢٧ | ٪٢ | ٪٩٦ |
| زیاتر لە +٥ | ٦٣ | ٪٤ | ٪١٠٠ |

تێبینی: پانێڵی A پرسیاری ١٥ نیشاندەدات. "ئایا لە شەش مانگی ڕابردوودا هیچ کرێکارێکی نوێت دامەزراندووە؟ (ژمارەی کرێکاران)" قۆناغەکانی ناوەڕاست و کۆتایی زیادکران و بەراورد کران لەگەڵ پابەندبوونی دامەزراندنی پێش قۆناغی سەرەتا. کۆی گشتی سەرەنجەکان ١٥٩٨-ە. بۆ پرسیارەکانی پانێڵی A ١١ و ١١,١، "لە ئێستادا چەند کارمەندی دامەزراوت هەیە؟ (ئەوانەی چەند کاژمێری و کاژمێری تەواو)" لە قۆناغی کۆتاییدا بەراورد کران بە کۆی ژمارەی کارمەندان و پابەندبوون بە دامەزراندنی پێش قۆناغی سەرەتا. کۆی گشتی سەرەنجەکان ١٦٢٨ سەرەنجە.

خشتەی د: ڕێژەکانی پاشەکشە بۆ هاوکێشەی قازانج

| گۆڕاوەکان | ڕێژەکان |
|---|---|
| قۆناغی ناوەڕاست | **٠,١٩٤<br>(٠,٠٧٢٧) |
| قۆناغی کۆتایی | ٠,١٨٩<br>(٠,١٣٧) |
| Q٢-٢٠١٩ | ٠,٣٠٦<br>(٠,٦٠٩) |
| Q٣-٢٠١٩ | ٠,١٢١<br>(٠,٥٨٦) |
| Q٤-٢٠١٩ | ٠,١٥١<br>(٠,٥٤٨) |
| Q١-٢٠٢٠ | ٠,٠٥١٤<br>(٠,٥١٧) |
| Q٢-٢٠٢٠ | ٠,٢٢١-<br>(٠,٤٨١) |
| Q٣-٢٠٢٠ | ٠,٠٧٩٩-<br>(٠,٤٤٣) |
| Q٤-٢٠٢٠ | ٠,١٠٤-<br>(٠,٤١٩) |
| Q١-٢٠٢١ | ٠,١٤٩-<br>(٠,٣٨٠) |
| Q٢-٢٠٢١ | ٠,٠٦٥١-<br>(٠,٣٥٧) |
| Q٣-٢٠٢١ | ٠,١٨٤-<br>(٠,٣٢٥) |
| Q٤-٢٠٢١ | ٠,١٣٩-<br>(٠,٢٩٧) |
| Q١-٢٠٢٢ | ٠,١٢١-<br>(٠,٢٦٩) |
| Q٢-٢٠٢٢ | ٠,٠٣٢١<br>(٠,٢٣٦) |
| Q٣-٢٠٢٢ | ٠,٠٧٦٤-<br>(٠,٢٠٤) |

| | |
|---|---|
| Q٤-٢٠٢٢ | ٠,١٨١<br>(٠,١٧٢) |
| Q١-٢٠٢٣ | ٠,٠٣١٥<br>(٠,١٤١) |
| Q٢-٢٠٢٣ | ٠,٠٤٧٣<br>(٠,١٢٤) |
| Q٣-٢٠٢٣ | ٠,٠٨٢٠-<br>(٠,١٠١) |
| Q٤-٢٠٢٣ | ٠,٠٨٤٤<br>(٠,٠٩٢٠) |
| جێگیر | ***٧,١٠٧<br>(٠,٢٩٦) |
| سەرەنجەکان | ٥,٣٨١ |

تێبینی: ئەنجامی خەمڵاندن بۆ مۆدێلی کاریگەرییە جێگیرەکان لەگەڵ هاوکێشەی قازانج لە مانگی کۆتاییدا وەک گۆڕاوێکی وابەستە. ئەمەش کاریگەرییە جێگیرەکان لە ئاستی کار و بزنس و کۆمپانیا و تا چارەکی چاوپێکەوتنەکە دەگرێتەوە. هەڵە ستانداردەکان لە نێو کەوانەدا نیشان دراون. * p<٠,٠٥، ** p<٠,٠١، *** p<٠,٠٠١.

خشتەی ٥: ڕێژەکانی پاشەکشە لە ژمارەی کارمەندانی تازە

| گۆڕاوەکان | ڕێژەکان |
|---|---|
| قۆناغی ناوەڕاست | ***٣,٠٨٤<br>(٠,٢٥٧) |
| قۆناغی کۆتایی | ***١,٧٠١<br>(٠,٤٨٢) |
| Q٢-٢٠١٩ | ٣,١٠٨<br>(٢,١٥٠) |
| Q٣-٢٠١٩ | ٣,٥٢٢<br>(٢,٠٥٣) |
| Q٤-٢٠١٩ | ٢,٩٩٢<br>(١,٩٣٦) |
| Q١-٢٠٢٠ | *٤,٦٦١<br>(١,٨١٠) |
| Q٢-٢٠٢٠ | ٢,٧١٢<br>(١,٦٩٦) |
| Q٣-٢٠٢٠ | *٣,٣٧٠<br>(١,٥٥٠) |
| Q٤-٢٠٢٠ | *٢,٩٩٤<br>(١,٤٧٥) |

| | |
|---|---|
| Q۱-۲۰۲۱ | **۳,۷۳۸<br>(۱,۳۲۹) |
| Q۲-۲۰۲۱ | ۲,۲۲۷<br>(۱,۲۵٤) |
| Q۳-۲۰۲۱ | *۲,٤٥٥<br>(۱,۱۳۱) |
| Q٤-۲۰۲۱ | *۲,۱۷۳<br>(۱,۰٤۳) |
| Q۱-۲۰۲۲ | ۱,٤۹۱<br>(۰,۹۳۷) |
| Q۲-۲۰۲۲ | ۰,٥٥۹<br>(۰,۸۳۱) |
| Q۳-۲۰۲۲ | ۱,۱۸۱<br>(۰,۷۱٦) |
| Q٤-۲۰۲۲ | *۱,۱۹۸<br>(۰,٦۱۰) |
| Q۱-۲۰۲۳ | ۰,۷٤٦<br>(۰,٤۹٦) |
| Q۲-۲۰۲۳ | ۰,۰٦٦۷<br>(۰,٤٤۰) |
| Q۳-۲۰۲۳ | ۰,۳٦٤-<br>(۰,۳٥۸) |
| Q٤-۲۰۲۳ | ۰,۲٦۷<br>(۰,۳۳۰) |
| جێگیر | ۱,٥۳٥-<br>(۱,۰٤٤) |
| سەرەنجەکان | ٦,۱۲۰ |

# سەرچاوەکان


Abraham, F. and S.L. Schmukler (2017). Addressing the SME finance problem. World Bank Research and Policy Briefs, (120333).

Adela, V., S.K. Agyei, S. Frimpong, D.B. Awisome, A. Bossman, R.O. Abosompim, et al. (2024). Bookkeeping practices and SME performance: The intervening role of owners' accounting skills. Heliyon, 10(1).

Alzobaidee, H.L.K. (2015). Social protection and safety nets in Iraq. Institute for Development Studies.

Baird, S., D. McKenzie and B.Özler (2018). The effects of cash transfers on adult labor market outcomes. IZA Journal of Development and Migration, 8:1–20.

Balboni, C., O. Bandiera, R. Burgess, M. Ghatak and A. Heil (2022). Why do people stay poor? The Quarterly Journal of Economics, 137(2):785–844.

Benjamin, N. (2023). Dealing with Informality in Conflict and Fragile Settings. Donor Committee for Enterprise Development.

Bernhardt, A., E. Field, R. Pande and N. Rigol (2019). Household matters: Revisiting the returns to capital among female microentrepreneurs. American Economic Review: Insights, 1(2):141–160.

Blattman, C., N. Fiala, and S. Martinez (2014). Generating skilled self-employment in developing countries: Experimental evidence from Uganda. The Quarterly Journal of Economics, 129(2):697–752.

Blattman, C. and L. Ralston (2015). Generating employment in poor and fragile states: Evidence from labor market and entrepreneurship programs. Available at SSRN 2622220.

Brück, T., N. Ferguson, V. Izzi and W. Stojetz (2016). Jobs Aid Peace: A Review of the Theory and Practice of the Impact of Employment Programmes on Peace in Fragile and Conflict-affected Countries. International Security and Development Center.

Chiao, Y. C., K. Yang and C.M.J. Yu (2006). Performance, internationalization, and firm-specific advantages of SMEs in a newly-industrialized economy. Small Business Economics, 26:475–492.

Delius, A. and O. Sterck (2024). Cash transfers and micro-enterprise performance: Theory and quasi-experimental evidence from Kenya. Journal of Development Economics, 167:103232.

De Mel, S., D. McKenzie and C. Woodruff (2013). The demand for, and consequences of, formalization among informal firms in Sri Lanka. American Economic Journal: Applied Economics, 5(2):122–150.

Deutsche Gesellschaft für Internationale Zusammenarbeit (GIZ) (2023). Priority financing needs of Iraqi SMEs. GIZ.

Dvouletý, O., I. Blažková and O. Potluka (2021). Estimating the effects of public subsidies on the performance of supported enterprises across firm sizes. Research Evaluation, 30(3):290–313.

EDF IOM Iraq (2018). Call for Expressions of Interest. IOM, Baghdad.

Esteve-Pérez, S. and D. Rodríguez (2013). The dynamics of exports and R&D in SMEs. Small Business Economics, 41:219–240.

Fiala, N. (2018). Returns to microcredit, cash grants and training for male and female microentrepreneurs in Uganda. World Development, 105:189–200.

Goyal, Y. and K. Heine (2021). Why do informal markets remain informal: the role of tacit knowledge in an Indian footwear cluster. Journal of Evolutionary Economics, 31(2):639–659.

Grimm, M., S. Soubeiga and M. Weber (2021). Short-Term Impacts of Targeted Cash Grants and Business Development Services: Experimental Evidence from Entrepreneurs in Burkina Faso (No. 14892). IZA Discussion Papers.

Herrera, J., M. Kuépié, C.J. Nordman, X. Oudin and F. Roubaud (2012). Informal sector and informal employment: Overview of data for 11 cities in 10 developing countries. Women in the Informal Economy Globalizing and Organizing, Cambridge.

Hoffmann, A. and P. Lange (2016, August). Growing or Coping? Evidence from small and medium sized enterprises in fragile settings. Clingdael.

Hyland, M. and A. Islam (2021). Gendered laws, informal origins, and subsequent performance. World Bank, Washington, D.C.

International Labour Organization (ILO) (2013). Measuring informality: A statistical manual on the informal sector and informal employment. ILO, Geneva.

ILO (2021). A diagnostic of the informal economy in Iraq, ILO.

ILO (2022, July 5). Iraq and ILO launch first national Labour Force Survey in a decade. ILO.

ILO (2023). Policy Brief Social Dialogue and Decent Work in the Agriculture Sector.

Independent Evaluation Group (IEG) (2013). World Bank Group Assistance to Low-Income Fragile and Conflict-Affected States. IEG.

International Trade Center (ITC) (2023). SME Competitiveness Outlook 2023: Small Businesses in Fragility: From Survival to Growth. ITC, Geneva.

International Organization for Migration (IOM) (2021). Panel Study: Impact of COVID-19 on small and medium sized enterprises in Iraq, IOM.

IOM (2023). Livelihood Policy Brief No.6: SMES's loan preferences and barriers - Findings among EDF-Supported businesses. IOM.

IOM Iraq (2021a). Labour Market Assessment: Makmur District, Erbil Governorate. IOM.

IOM Iraq (2021b). Supporting female entrepreneurs in Iraq. IOM.

IOM Iraq (2021c). Performance of the private sector when supported by conditional cash grants during the COVID-19 pandemic. IOM.

IOM Iraq (2022). Livelihood Policy Brief No.4: Women doing business in Iraq - Insights from IOM's field experience. IOM.

Islam, A.M. and M. Amin (2023). The gender labor productivity gap across informal firms. World Development, 167:106229.

Jayachandran, S. (2021). Microentrepreneurship in developing countries. Handbook of labor, human resources and population economics, 1-31.

Kersten, R., J. Harms, K. Liket and K. Maas (2017). Small Firms, large Impact? A systematic review of the SME Finance Literature. World development, 97:330–348.

Kumar, R. (2017). Targeted SME financing and employment effects: What do we know and what can we do differently? World Bank, Washington, D.C.

La Porta, R. and A. Shleifer (2014). Informality and development. Journal of economic perspectives, 28(3):109–126.

Lewis, D., G. Kebede, A. Brown and P. Mac (2019). Surviving, Managing, Thriving: The Informal Economy in Post-Conflict Cities. UN Habitat, Nairobi.

McKenzie, D. and S. Puerto (2021). Growing markets through business training for female entrepreneurs: A market-level randomized experiment in Kenya. American Economic Journal: Applied Economics, 13(2):297–332.

Muraközy, B. and Á. Telegdy (2023). The effects of EU-funded enterprise grants on firms and workers. Journal of Comparative Economics, 51(1):216–234.

Organization for Economic Co-operation and Development (OECD) (2016). Entrepreneurship at a glance. OECD, Paris.

Orkin, K., R. Garlick, M. Mahmud, R. Sedlmayr, J. Haushofer and S. Dercon (2023). Aspiring to a better future: can a simple psychological intervention reduce poverty? (No. w31735). National Bureau of Economic Research.

Osiyevskyy, O., S.F. Costa and C.M. Madill (2016). Business sense or subjective satisfaction? Exploring the outcomes of business planning comprehensiveness in the SME context. The International Journal of Entrepreneurship and Innovation, 17(1):15–30.

Perez, A., N. Ayensa and M. Lacalle (2020). Cash for development? The use of microcredits and cash transfers as development tools. Policy Department, Directorate General for External Policies of the European Union, Brussels.

Schoofs, S. (2015). Making Sence of Informal Economies in Fragile Contexts: Issues, Dilemmas and Questions. Instistuut Clingendael.

Srhoj, S., M. Lapinski and J. Walde (2021). Impact evaluation of business development grants on SME performance. Small Business Economics, 57:1285–1301.

United Nations Development Programme (UNDP) (2022). Gender analysis on women's economic empowerment in Anbar, Diyala, Kirkuk, Ninewa and Salah Al-Din, Iraq.

Van Elk, K. and J. de Kok (2014). Enterprise formalization: Fact or fiction? A quest for case studies. ILO and GIZ.

## ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق

iraq.iom.int
iomiraq@iom.int

کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)،
ناوچەی نێودەوڵەتی،
بەغداد/عێراق

@IOMIraq

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ٢٠٢٤

نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن بێت، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.